# بیردۆزی ئابووری هەمووەکی

## *Macroeconomics theory*

***<u>کۆرسی یەکەم</u>***

**م. ی. جولیانا جمیل یوخنا**

## بەشی یەکەم

## ئابووری هەمووەکی *Macroeconomics*

## پێشینەیەکی پیویست

**پێشەکی:**

**زانستی ئابووری دەبێتە دوو بەشی سەرەکی (الكلي والجزئي) ئابووری بره‌کی (جزئي) گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی وردە کاریەکانی یەکە بچوکەکانی ئابووری، بەلام ئابووری هەمووەکی (كلي) گرنگی دەدات بەکاری ئابووری لەسەر ئاستی نەتەوەیی.**

**ووشەی( *Macro* ): ووشەیەکی یۆنانی کۆنە مانای گەورە دەگەیەنێت، کە بەپێچەوانەی (*Micro*) یە کە مانای بچووك دەکەیەنێت.**

**ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مێژووی هزری ئابووری، بۆمان دەردەکەوێت کە فەیلەسوفە یۆنانیە کۆنەکان وەکو افلاتۆن و ارستۆ باسیان لە کێشە کۆمەلایەتیەکان کردوە وەکو هاتووە لە (مدینە فازلە)ی افلاتۆن کە تیایدا باسی چارە سەری کێشە ئابووریەکانی دەولەتیان کردوە بەشێوازیکی جیاواز لە شیکردنەوەی برەکی(*Micro*) .**

**هەروە ها لەسەدەی شازدە و هەژدەدا مەرکەنتالیەکان لە ئەوروپا باسیان لە بازرگانی دەرەکی کردوە، چۆن سود و قازانج بۆ وولاتەکانیان دێنیت ، بەلام هەتا کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیست ئابووری مایکرۆ و ماکرۆ جیا نە کرابۆوە. بەلام دوای ئەو قەیرانە ئابووریەی سالی *1929* کە هەموو دنیای ئابووری هەرس پی هێنا (جۆن ماینارد کینز) بەراشکاوی شی کردنەوەی برەکی (جزئي) جیا کردەو لە شیکردنەوەی هەمووەکی (الكلي). دوای کینز لە سالانی *1950* قوتابخانەی کینزی نویٚ هاتە دنیا لە دەستی (میلتون فریدمان).**

**ئابووری هەمووەکی (*Macro*) چی یە :**

**ماکرۆ بەشێوەیەکی هەمووەکی لە کێشەکانی ئابووری دەکۆلێتەوە، وولامی ئەو پرسیارە دەداتەوە؛ کەچۆن ئابووری وولات پێش دەکەوێت بە تێپەربوونی کاتدا . هەروەها لە هۆکارەکانی هەلچوون وداچونی کورت خاینەکانی ئابووری دەکۆلێتەوە.**

**بە کورتی ماکرۆ ئەو لقە گرنگەی ئابووریە کە لە سەر ئاستی هەمووەکی شیکردنەوەکانی دەکات و هەروەك داهاتی نەتەوەیی و وەبەرهێنان و بەکاربردن لە سەرئاستی دەولەتدا چۆن دەبێت.**

**بۆ ماکرۆ گرنگە تا بیخوێنین:**

**پێش ئەوەی باسی گرنگی ماکرۆ بکەین با چەند پرسیارێك بخەینە روو کە رۆژانە بەرەو رووومان دە بنەوە**

**⋆ئایا ئێمە دەولەمەندترین یان دایك وباوکمان کاتیٚ لە تەمەنی ئێمە دابوون ؟**

**⋆ئایە مندالەکانمان لە ئێمە دەولەمەندتر دە بن کاتێك دەگەنە تەمەنی ئێمە؟**

**⋆ئایە دۆزینەوەی کار ئێستا ئاسانترە یان دوای پێنج سالی تر؟**

**⋆ئایە چەند لە ئێمە کاری دەست دە کەوێت دوای پێنج سالی تر؟**

**⋆ئایە هەلئاوسانی ئابووری هەژارتر مان دەکات بە کەم کردنەوەی بەهای پاشەکەوتەکانمان یان دەولەمەندترمان دەکات بە کەم کردنەوەی بەهای قەرزە کانمان؟**

دوور نیە ئەو پرسیارانە و چەند پرسیارێکی تری لەم جۆرە کە ئابووری ماکرۆ هەوڵدەدات فێرمان دەکات چۆن وولامیان بدەینەوە. بەلام لیرە دا پرسیارێکی گرنگ هەیە ئایە ئەو پرسیارانە ئەوەندە گرنگن کە ئێمە ماکرۆی بۆ بخوێنین؟

لە راستیدا گرنگی ئابووری ماکرۆ (هەمووەکی) لە وولامی ئەو پرسیارەی دوایی دەردەکەوێت ئەویش خۆی لە سێ ئاستی گرنگدا دەدۆزیتەوە:

**1-لە سەر ئاستی رۆشنبیری:**

رۆژانە لە هەموو میدیاکان و رۆژنامەکان هەمان پرسیار بەرگوێمان دەکەوێت، هەموو باس و خواسەکانی نێو کۆمەلگا دەربارەی هەمان جۆرن لەپرسیار. بۆیە کارێکی ئەستەمە کە ئێمەی ئابووریناس نەتوانین وولامێکی دروست بەو ئاستەی کە پێویستە لامان بێت.

**2-لە سەرئاستی تاکە کەسی:**

ژیانی رۆژانەمان و پلانی داهاتووی خۆمان و خێزانمان لە رووی ئابووریەوە تا رادەیەکی زۆر پابەندە بە وولامی ئەوچەند پرسیارەی کە باسمان کرد

**3- بەرپرسیارەتی کۆمەلایەتی:**

هۆی سی یەمی گرنگیدان بە بابەتی ئابووری ماکرۆ و ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە بتوانین بە یەکەوە لە نێو کۆمەلگادا وولات بەرەو گەشەسەندن بەرین لە رێگای دەنگدان لە هەلبژاردنەکان، بۆ ئەو لایەنانە کە بە شیوازیکی دروست چارە سەری ئابووری وولات دەکەن و بۆ ئەو پرسیارانە وولامی پر بە خواستی ئێمە دەدەنەوە ، هەر بۆیە خوێندنی ماکرۆ گرنگە ....

**<u>جیاوازی نێوان ئابووریناس و راویژکاری ئابووری</u>**

زۆر جار داوا دەکرێت لە ئابووری ناسان شی کردنەوە بۆ چەند کیشەیەکی ئابووری بکەن بۆ نمونە بۆ ئاستی بێکاری بەرزە لە نیوان ئافرەتان دا ؟ هەندێ جاری تر راویژیان پێدەکریت تا رای خۆیان بلێین دەربارەی بابەتێك هەروەك : حکومەت چی بکات تا ئابووری ولات پیش بخات , کەواتە کاتێك دەمانەویت شیکاریك بکەین بۆ بابەتیك ئەوە ئابوری ناس دەبی بە بیرکرنەوەیەکی زانستی هەبیت بۆ بابەتەکە هیچ بەرژەوەندیەك کاری پێناکرێت . بەلام کاتیك پیویستە یارمەتی لایەنێك بدەن وەکو حکومەتیك یان دەزگایەك دەبێت وەکو راویژکاریك بیر لە باشترین بەرژەوەندی بۆ ئەو لایەنە و بۆ هەموو جیهان.

لیرەوە دوو جورە بیرکردنەوە هەیە یەکەمیان **<u>بیرکردنەوەی ئەرینیە ( *positive* )</u>** : جۆرێکە بە بیرکردنەوە دە یەویت روون بکادەوە کە ئەو حالەتە چۆنە لە رووە زانستیەکەیەوە بی هیچ زیادەیەك و کەمو کوریەك . بیرکردنەوەی دووەم پێ دەڵین **<u>بیرکردنەوەی پێوانەیی ( *Normative* )</u>** : جۆریکە لە بیرکردنەوە کە دەیەوەێت بڵێت پیویستە جیهان چۆن بیت

بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتە دوو جۆرە راو بۆچون دەخەینە روو :

**هاوكار : ياساى نزمترين ئاستى كرىٚ هۆكارى بێكاريه له ولات .**

**نارين : نزمترين ئاستى كرى زۆر كهمه پيويسته حكومهت بهرزى بكاتهوه .**

جياوازى نێوان ئهو دوو راو بۆچونه له وه نيه كامهيان راستن يان نا بهلكو دوو شێوازى جياوازن يهكهميان كه راى هاوكاره كه بۆچونێكى ئهرينيه (***positive***) وهكو ئابوورى ناسێك يان زانايهكى ئابوورى بۆچونهكهى خستۆته روو دهكريت له ريگاى توێژنهوهى ئابوورى راست و دروستى بۆچونهكهى دهربخهين . به ليكولينهوه له داتاكان بۆ مان دهردهكهوێت ئايه راسته ئاستى نزمترين كرىٚ ئهگهر بهرزى بكهينهوه بيكارى زياتر دهبيت يان نا . بهلام بۆچونى نارين ناكريت تهنها به بهكارهێنانى داتا و ليكولينهوه راست و دروستى بابهتهكه دهركهوێت بهلكو پيويسته سهرهتا بير له باش و خراپى بۆچونهكه بكهينهوه ، چونكه ئهو بۆچونه تهنها بابهتيكى زانستى نيه بهلّكو گريدراوه به بابهتى رهوشت و كۆمهلگاو ئايين و بيركردنهوهى سياسى و هتد.

بيگومان راو بۆچونهكان ئهرينيانه بێت يان پێوانهيانه كاردهكهنه سهر ئهنجامى يهكتر بۆ نمونه ئهگهر بۆچونهكهى هاوكار راست دهرچيت هۆى بيكارى بۆ بهرزى ئاستى كرىٚ بگهريتهوه ئهوه دهبيت بۆچونى نارين رهت بكهينهوه چونكه نارين داواى زياد كردنى ئاستى كرى دهكات . ئهو بۆچونه ههرچهند له بهرژهوهندى خهلك بيت بهلام له رووى زانستى ههڵهيه نابيت كارى پى بكريت زيانهكانى زياتر دهبيت .

**جياوازى ماكرويى و ههندهكى**

لێكدانهوهى ( *Micro* ) جزئى كهلك له هاوسهنگى نيوان خواست و خستنهروو وهردهگرێت كاتێك خواست يهكسان دهبێت به خستنهروو له ئاستێكى ديارى كراوى نرخدا هاوسهنگى روودهدات له بازارى ئهو كاڵايه ....ههر كاڵايهك له بازار كريار و فرۆشيارى خۆى ههيه ئهو دوولايهنه دوو كهسى جياوازن له برياردان وئاستى داهاتيان وكهسيان ئاماده نيه به هيچ ئاستێك رازى بێت له نرخ كهمتر يان زياتر له نرخى هاوسهنگ...

له لێكدانهوهى ههمووهكى به ههمان شيوه كهڵك له هاوسهنكى نيوان خواست وخستنهروو وهردهگيرێت، بهلام له سهر ئاستى ئابوورى ههمووه كى له وولاتدا. وهكو دهزانين كۆكردنهوهى ههموو كاڵاكانى بهرههم هاتوو به يهكهوه كارێكى ئهستهمه. چونكه ناتوانين برى هێلكه و كوتال و سهوزه وات كۆ بكرێتهوه لهگهڵ يهكدا، بۆچاره سهركردنى ئهو كێشهيه ئابوورى ناسان روويان كرده كۆكردنهوهى نرخى ئهو بهرههمانه، تا برى كۆى خواستى ههمووهكى و كۆى خستنهروو ههمووه كى بدۆزنهوه....

بهلام كێشهكه تهنها چۆنيهتى ههژمار كردنى برى خواست و خستنهروو نيه، بهلكو لايهنى خواست ههمان كهسه له گهل خستنهروو. چونكه ئهو كهسانهى بهرههمهكانى خستنهرووى ههمووهكى دروست دهكهن ههمان ئهو كهسانهيه كه خواست دروست دهكهن له سهر ئهم بهرههمانهى كۆمهلگا له بازاردا.

**هاوسهنگى له ئابووريدا:**

هاوسهنگى كاتێك روودهدات كه ههموو گۆراوهكانى نێو سستهمه ئابووريهكان مهێلى گۆرانيان نهبێت.. يان هيچ هێزێك كار نا كاته سهر گۆراوهكان بۆ گۆرانيان له بارى خۆياندا. بهلام كاتێك پرسيار لهوه

دەكەین: بۆ پێویستە خالی هاوسەنگ بزانین دراسەی بكەی. لە وولامدا دەڵێن زانینی خالی هاوسەنگ بۆمان دەردەخات ئاراستەی گۆراوەكان بۆ كێ دەروات چۆن پێویستە كاریان تێبكرێت تا بتوانین لە شوینێكی یان خالێكی گونجاو هەموو گۆراوەكان سەقامگیربێت .

بۆ نموونە كاتێك گەشتێەك لە نێو دەریا ئاراستەی خۆی وون دەكات پێویستە یەكەم شت بیر لەوە بكەنەوە كە شوێنی

سەقامگیر بونیان كەو تۆتە كوێ ئاراستەیان دەبێت بۆ كوێ بێت.

**لە ئابووریدا چەند جۆریك هاوسەنگی هەیە:**

یەكەمیان : هاوسەنگی ستاتیكە (*static*) یان دە توانین بڵێن هاوسەنگی تەواو كە تیایدا هەموو گۆراوەكان سەقامگیر دەبن لە یەك كاتدا یان هیچ زیادەیەك یان كەم بوونەوە لە بەهای هیچ لە گۆراوەكان روونادات. بەلام ئەم جۆرە لە هاوسەنگی حالەتێكە دوورە لە راستی كۆمەلگا رووبدات چونكە كات لە گۆراندایە.

دووەم : جۆرێكی تر هەیە لە هاوسە نگی ئەویش بە هاوسەنگی داینەمیكی (*dynamic*) دەناسرێت یان هاوسەنگی بزوینراو. ئەوش زۆر جار لە شی كردنەوەی گەشەكردنی ئابووری بەكاردێت كاتێك گۆراوەكان بە رێژەیەكی یەكسان زیاددەكەن بە تایبەتی گۆراوە بەربووە كان (*flow*).

<u>**چەند زاراوەیەكی گرنگ لە ئابووری هەمووەكی دا:**</u>

**1-گۆراوی (تدفقی)(*flow*) رۆیشتو، گۆراوی وەستاو (رصید)( *stock*)**

هە ندێك لە گۆراوە كان بە سترواوەتەوە بەكات وەكو داهات . بەلام جۆری دووەم لە گۆراوە كان پێویستی بە دیاری كردنی كات نیە كە پێدەوترێت (رصید) یان( *stock*)

**2-بەدەست هاتوو، پیشبینی كراو، پلان بۆدارێژراو:**

بە دە ست هاتوو ئەو جۆرە گۆراوەیە كاتێك باسی پلانی رابردوو دەكەی تادە گاتە ئێستا ژمارەیەكە یان بریك بە دە ست هاتووە بە راشكاوی وە دڵنیای لە بەدەستهینانی. بەلام پێشبینی كراو ئەوەیە كە لە داهاتوو دوور نیە بەدەست بێت بەلام هیچ راشكاو نین لە بەدەستهێنانی ، بەشێكە تەنها پێشبینی دە كرێت كە بە دە ست بێت بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی كە گۆراوەكانی ئابووری پێیدادەرۆن . پلان بۆدارێژراو( *planned* ) ئەو جۆرەیە ئەویش بە ستراوە تەوە بە داهاتوو ناتوانین بە راشكاوی بیسەلمێنین بەلام ئێمە پلانمان بۆ دارێژتوە و كارمان كردوە بۆ بەدەستهێنانی هەر چەند دڵنیا نین لە بەدەست هینانی چونكە گۆراوەكان دوور نیە بگۆرێن لە داهاتوو.

<u>**داهاتی نەتەوەیی وبەرهە می نەتەوەیی:**</u>


ئە م دوو زاراوە زۆر لە ئابووری هەمووەكی بە بەرچاومان دەكەوێت پێویستە بە راشكاوی لێكیان جیا بكەینەوە .

:National Income (داهاتی نەتەوەیی:)


باسی هەموو ئە و داهاتانە دەكات كە ئاندامانی یەك كۆمەلگا بە دەستیان هیناوە لەماوەیەكی دیاریكراوە كە یەك ساڵە.

بەلام بەرهەمی نەتەوەیی ( National Product ) باسی هەموو ئەو برە بەرهەمانە دەكات كە ئەندامانی یەك كۆمەلگا بەدە ستیان هێناوە لە یەك ساڵدا .

بەلام بۆ ئەوەی لێكیان جیا بكەینەوە پێویستە باسی بازنەی داهات بكەین لە كۆمەلگادا




**بازنەی خوڵانەوەی داهات و بەرهەم لە ئابووری**




بازنەی خوڵانەوەی داهات لە ئابووری چوار کەرتی

## بەشی دووەم

## تیۆری کلاسیکی و  بەکارهێنانی تەواو

## بەکارهینانی تەواو *Full Employment*

**بەکارهینانی تەواو مانای : هەموو هۆکارەکانی بەرهەمهینان لە ئابووریدا بە تەواوی لە کاردابن .**

**ئابووریناسە کلاسیکیەکان بۆ ماوەیەکی زۆر باوەریان وابو کە ئابووری وولات بەتەواوی لە کار دایە هیچ جۆرە بێکاریەك نیە لە نێو ئابووریدا.**

**هاوسەنگی هەمووەکی**

**هاوسەنگی هەمووەکی کاتی رودەدات کە خواستی هەمووەکی یەکسان دەبیت لە گەڵ خستنەرووی هەمووەکی. یان کاتێك کە هەموو خەرجیەکانی کۆمەڵگا یەکسان دەبیت بە هەموو ئەو بەرهەمانەی بەرهەم هاتوە و لە بازارە بۆ فرۆشتن. بەلام لەوەش گرنگتر ئەوەیە : ئایە ئەو هاوسەنگیە کاتیك روودەدات ئابووری لە بەکارهینانی تەواوە یان نا ؟**

### بیرکردنەوەی کلاسیکی

**بۆ ئەوەی تێبگەین چۆن ئابووری وولات لە بەکارهێنانی تەواودا دەبێت، پێویستە تێبگەین ئابووریناسە کلاسیکیەکان چۆن بیریان دەکردەوە ، وە بۆ؟. بۆیە یەکەم هەنگاو باسی تیۆری کلاسیکی دەکەین کە هاوسەنگی هەمووەکی لە بەکارهینانی تەواو چۆن دەبیت ، وە بۆش ئەوتیۆرە هەرەسی هێنا.**

### یەکەم : گریمانەکانی تیۆری کلاسیکی

**تیوری کلاسیکی پشت بە چەند گریمانەیەك دەبەستێ وەکو:**

1- **ئازادی ئابووری و رکابەری تەواوی بازار . ئازادی ئابووری لە قسەکانی ئادەم سمیسە وە هاتوە کە دەڵی ( لێگەری کار بکات لیگەری با بروات ) بەو مانایەی پیویست ناکات حکومەت یان هەر دەسەلاتیك دەسکاری بازار بکات یان ریگری بکریت لە هەر چالاکیەکی ئابووری ، وە بازار لە رکابەری تەواو دایە حکومەت تەنها کاری پارێزگاری لە سیستەمەو و بەرگری لە ولات دەکات لەگەل چەند چالاکیەکی گشتی وەکو خویندن و تەندروستی و ریگا و بان .**

2- **یاسای بەرکار : ئەو یاسایە لە زانایەکی فەرەنسیەوە هاتوە ( جان بابیتس سای ) کە یاساکەش بە ناوی یاسای سای ناسراوە بریتیە ( هەر خستنەروویەك خواستێکی یەکسان بە خۆی دروست دەکات ) ئەو یاسایەی لە بیرۆکەی بەرهەمهێنان هاتوە :**

**بەبەشداری هۆکارەکانی بەرهەم هینان دەبیت کە پیکهاتوە لە ( کار ، سەرمایە ، زەوی ، ریکخستن ) و هەریەك لەو هۆکارانە بەرامبەریك وەردەگریت وەکو پاداشت بۆ ئەو باشداربونەی ( کری ، سوود ، مولکانە ، قازانج ) ئەوانەش وەکو داهاتیك بەکاردیت بۆ خەرج کردن و دەستەبەرکردنی پیداویستیەکانی خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەمهینان ، بیگومان ئەو داهاتە دەچێتەوە بازار بۆ کرینەوەی بەرهەمەکانی ناو بازار ئەوەش پی دەلین خواست لە سەر بەرهەمەکان ، کەواتە لە گەل دروست کردنی هەر بەرهەمیك بریك پارە دەدریت بە هۆکارەکانی بەرهەم هینانی کە یەکسانە بە تیچویەکەی ئەوەیش ئەو برە پارە ناودەنریت بە داهاتی هۆکارەکانی بەرهەم هینان دەبیتە سەرچاوەی دروست کردنی خواستیك کە یەکسانە بە بری ئەو خستنەرووی لی دروست بوە .**

3- نەرمی نواندنی نرخ و کرێ : لای کلاسیکەکان نرخ و کرێ و هەتا نرخی سودیش هەمویان زۆر بە ئاسانی دەگۆردرین بەگوێرەی پیویستی بازار بۆ چاك کردن و راستکردنەوەی لاسەنگی لە بازار بەکاردێت .

4- بی لایەنی نەخت : بەو مانایەی کە نەخت یان دراو هیچ رۆڵێکی نی یە تەنها ناوەندێکە بۆ ئاڵوگۆرکردن و هیچ کاریگەری نی یە لە بەرهەمهینان و بازارو و کار دەکاتە سەر گۆراوە روکەشەکان وەکو ( نرخەکان )

5- یەك بوونی بەرژەوەندی تایبەت و گشتی بۆ نمونە بەرهەمهێنەر دەیەویت قازانج بەدەست بینێت ئەوە بەرژەوەندی تایبەتە بەڵام بەرهەمیکی بە کواڵەتی بەرز و نرخی گونجاو ئەوە بەرژەوەندی گشتیە .

**<u>رەخنەو کیشەی پاشەکەوت لەو تیۆرە</u>**

رەخنەگرانی ئەو تیۆرە گوتیان کەموو کوری رودەدات لە خواستی هەمووەکی چونکە هەموو داهاتیك وەرگیراوە ناچێتە بازارەوە بۆ خەرج کردن بەلکو بەشێکی پاشەکەوت دەکرێت . بۆیە خواستی هەمووەکی یەکسان نابیت بە خستنەرووی هەمووەکی. ئەو کەلێنەش لەنێوان خواست و خستنەروو دەبێتە هۆی دروست بوونی بێکاری، یان تێکدانی بەکارهێنانی تەواو.

وولامی کلاسیکەکان بۆ رەخنەی پاشەکەوتەکان:

کلاسیکەکان رازینەبوون بەو رەخنەیە . چونکە گوتیان هەر پاشەکەوتیك شیوازیکی ترە لە خەرجی بەلام لە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهینان. کلاسیکەکان باوریان وایە کە هەموو پاشەکەوتەکان بە هۆی نرخی سوود ( سعر الفائدە) دێتە بازارو ، بەرهەمهینەرەکان بەقەرز وەریدەگرن و خەرجی دەکەنەوە بەشێوەی وەبەرهێنان.

هاوسەنگی نێوان پاشەکەوت و وەبەرهێنان چۆن دەبێت؟

کلاسیکەکان دەلێن خەلك بەردەوام خەرجی بۆ بەکاربردنیان پێ باشترە لە پاشەکەوت کردن . بەلام ئەگەر نرخی سوود بەرزبێتەوە ئەوە خەلك هاندەدات بۆ پاشەکەوتی زیاتر ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی هاوسەنگبوونی پاشەکەوت لەگەڵ وەبەرهێنان .

بەلام رەخنەگران بەو وولامە رازینەبوون :

رەخنەگران گوتیان ئەگەر نرخی سوود بە هەرهۆیەك نەیتوانی ئەو هاوسەنگیە بێنێتە دی ؟ یان هەندی جار کەسەکان ئامادەنین دەسبەرداری خەرجیەکانیان بن پارە پاشەکەوت کەن ئەگەر نرخی سوود لەبازار زۆر بەرزیش بێت.

بەلام کلاسیکەکان گوتیان ئەگەر نرخی سوود نەیتوانی ئەو هاوسەنگیە بێنێتە دی ؟ ئەوە نەرمی نرخەکانی کاڵاکان یان نەرمی کری دەتوانی هاوسەنگی بازار دروستکاتەوە لەنێوان خواست و خستنەرووی هەمووەکی. ئەوەش ئەگەر خواست کەمتر بوو ئەوە نرخی بازار دادەبەزێت جارێکتر خواست بەرزدەبیتەوە تا یەکسان دەبێت بە خستنەروو.

**<u>دووەم : هاوسەنگی ئابووری لای کلاسیکەکان</u>**

هاوسەنکی لای کلاسیکەکان کاتێك بە دەستدێت کە هاوسەنگی لە هەر سێ بازار دروست دەبیت ( بازاری کار ، بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری ، بازاری نەختینی )

سەرەتا باس لە بازاری کار دەکەین کە تیایدا قەبارەو و کری راستەقینەی هاوسەنگ و کاری هاوسەنگ دیاری دەکریت ، لەوەشەوە قەبارەی بەرهەمی یەکسان بەو کارە دیاری دەکریت.

پاشان باسی بازاری بەرهەمهینان دەکەین  کە تیایدا قەبارەی وەبەرهینان و پاشەکەوت دیاری دەکریت . دواجار باسی بازاری نەختینی دەکەین ئەویش ئاستی گشتی نرخ دیاری دەکریت و بەگوێرە ی هاوکیشەی چەندایەتی نەختینی .

1- هاوسەنگی لە بازاری کار :

هاوسەنکی لە بازاری کار کاتێك بەدەست دێت کە خستنەرووی کار و خواست لەسەر کار یەکسان دەبیت ، ئامانج لەم بابەتە دیاریکردنی ئەمانەیە :

- کرێ راستەقینەی هاوسەنگ ( $\frac{W}{P}$ )
- دیاری کردنی قەبارەی کاری هاوسەنگ ( $L$ )
- دیاریکردنی بری بەرهەمی هاوسەنگ کە گونجاوە بەو برەی کار چونکە لە مەودای کورت بەرهەمهینان تەنها دەوەستیتە سەر فاکتەری ( کار ) فاکتەرەکانی تر نەگۆرن.

$$Y = f(L)$$

أ) **خستنەرووی کار ( $Ls$ ) :**

بریتیە لەو کریکارانەی کە هیزی کاری خۆیان دەخنە بەردەم خاوەن کارەکان بەرامبەر بە دەستهینانی کرێی راستەقینەی گونجاو . هەرچەندە ئەو کرییە بەرزبیتەوە ئەوەندە خستنەرووی کاتژمیرەکانی کارکردنیان زیاد دەکەن دەست بەرداری کاتژمیری زیاتری حەوانەوە دەبن ، کەواتە خستەرووی کار پەیوەندی راستەوانەی هەیە لەگەل کرێی راستەقینە :


$$Ls = f\left(\frac{W}{P}\right)$$

$Ls$ : خستنەرووی کار

$W$ : کریی نەختینەیی

$P$ : ئاستی گشتی نرخەکان

$\frac{W}{P}$ : کرێی **راستەقینە**




کلاسیکەکان باوریان وابوو کە کرێکارەکان بە باشی دەتوانن جیاوازی بکەن لە نیوان کریێ نەختینی و کریی راستەقینە . ( کریێ نەختینی ئەو برە پارە نەختینیەیە کە وەری دەگرن بەرامبەر سەعاتەکانی کارکردنیان. بەلام کرێی راستەقینە بری ئەو شمەکانەیە کە دەتوانن بیکرن بەو کرییە نەختینیەی بە دەستیان هیناوە.

**ب) خواست لەسەر کار ( $Ld$ ) :**

ئەوەش لە لایەن دەزگاکان و پرۆژەکانەوە داوادەکریت کە داوای دەستی کار دەکەن بەرامبەر بە کریێ دیاریکراودا. هەرچەندە ئەو کرێیە کەم بێت ئەوە خواست لە سەر کار زیاتر دەبیت کەواتە پەیوەندی پیچەوانە هەیە لە نیوان خواست لەسەر کار و کریێ

$$Ld = f\left(\frac{W}{P}\right)$$




**لای کلاسیکەکان خواست لە سەر کار بە دوو ریگا دەکریت**

**یەکەم ریگا**: خاوەنکارەکان بەردەوام دەبن داوای کریکار دەکەن هەتا ئەو کاتەی بەرهەمایەتی سنورەکی ( حدی) دواین کریکار یەکسان دەبیت بەو کرێیەی پیێ دەدریت .

کرێی راستەقینە = بەرهەمایەتی سنورەکی

$$\frac{\partial Y}{\partial L} = \frac{W}{P}$$

دووەم ریگا . ئەو کاتەی قازانجی خاوەن کارەکان دەگاتە بەرزترین ئاست هیچی تر داوای کریکاری تر ناکەن

قازانج = دەسهات - تیچون

$$\pi = PY - WL$$

$\pi$ : قازانج

$P$ : ئاستی گشتی نرخەکان

$W$ : کرێی نەختینی

$Y$ : بەرهەم


$L$ : ژمارەی کرێکاران

$$\frac{\partial \pi}{\partial L} = 0$$

**ج) هاوسەنگی لە بازاری کار :**

وەکو لە سەرەتا باسمان کرد کاتی خواست لە سەر کار یەکسان دەبێت بە خستنەڕووی کار ئەو کات هاوسەنگی بەدەست دێت

$$Ls = Ld$$




$Ls \;.\; Ld$

ئەو تێبینیانەی گرنگە لێرە بیزانین :

- هاوسەنگی لە بازاری کار ئاستی کرێی ڕاستەقینەی هاوسەنگمان بۆ دیاری دەکات
- کرێی ڕاستەقینەی هاوسەنگیش قەبارەی کاری هاوسەنگمان بۆ دەکات
- قەبارەی کاری هاوسەنگیش قەبارەی بەرهەمی تەریب بەو کرییە دیاری دەکات ، ئەو بەرهەمەش لە باری بەکارهێنانی تەواودایە کەواتە بێکاری نی یە وە ئەگەر هەشبێت ئەوە بێکاری ئارەزوومەندانەیە .

نمونە: ئەگەر لە ئابووری کلاسیکی ئەو تایبەتمەندیانەمان هەبێت

هاوکێشەی بەرهەمهێنان : $Y = 100L - 0.01L^2$

هاوکێشەی خستنەڕووی کار : $Ls = 3000 + 50\,\frac{W}{P}$

داواکاری :

7- هاوکێشەی خواست لە سەر کار بدۆزەوە

2- کریێ راستەقینەی هاوسەنگ بدۆزەوە ( $\frac{W}{P}$ )

3- قەبارەی کاری هاوسەنگ بدۆزەوە ( $L^*$ )

4- قەبارەی بەرهەمی هاوسەنگ بدۆزەوە ( $Y^*$ )

<u>**شیکار :**</u>

**داواکاری یەکەم : بۆ دۆزینەوەی هاوکیشەی خواست لە سەر کار بە ریگای : هەموو دەزگایەك دەوەستیت لە داواکردنی دەستی کاری زیاتر کاتی : کری راستەقینە = بەرهەمداری سنورەکی**

$$\frac{W}{P} = \frac{\partial y}{\partial L}$$

$Y = 100L - 0.01L^2$ ( ) **داتاشراوی هاوکیشەی بەرهەم دەدۆزینەوە یەکسانی دەکەین بە ( ) کری راستەقینە**

$$100 - 0.02\,L = \frac{W}{P}$$

$$0.02\,L = 100 - \frac{W}{P}$$

$$L = \frac{100}{0.02} - \frac{1}{0.02}\frac{W}{P}$$

$$Ld = 5000 - 50\left(\frac{W}{P}\right)$$ ........................

**هاوکیشەی خواست لە سەر کار**

2- **داواکاری دووەم : کریێ راستەقینەی هاوسەنگ:**

$$L_S = L_D$$

$$3000 + 50\frac{W}{P} = 5000 - 50\frac{W}{P}$$

$$50\frac{W}{P} + 50\frac{W}{P} = 5000 - 3000$$

$$100\frac{W}{P} = 2000$$

$$\frac{W}{P} = \frac{2000}{100}$$

$$\left(\frac{W}{P}\right)^* = 20$$ **کریێ راستەقینەی هاوسەنگ**

3- **داواکاری سی یەم: قەبارەی کاری هاوسەنگ**

$$L = 3000 + 50\frac{W}{P}$$

$$L = 3000 + 50(20)$$

$$L = 3000 + 1000$$

$$L^* = 4000$$ **قەبارەی کاری هاوسەنگ**

- **داواکاری چوارەم : قەبارەی بەرهەمی هاوسەنگ**

$Y = 100L - 0.01L^2$
$Y = 100(4000) - 0.01(4000)^2$
$Y = 100(4000) - 0.01(16\,000\,000)$
$Y = 400\,000 - 160\,000$
$Y^* = 240\,000$

**4- هاوسەنگی لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری**

**هاوسەنگی لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری کاتێك دروست دەبێت کە خواستی هەمووەکی یەکسانە بە خستنەرووی هەمووکی**

**خستنەرووی هەمووەکی لەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە پێك دێت کە بۆ بەکاربردن و بەرهەمهێنان دروستکراون، بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەش پی دەگوترێت داهاتی نەتەوەیی ، ئەو داهاتەش دابەش دەبیت لە نیوان بەکاربردن و پاشەکەوت .**

**بەلام خواستی هەمووەکی دوو جۆرە خواست لە سەر ئەو کاڵایانە بۆ بەرکاربردنی خیزانەکان و خواست لەسەر ئەو کاڵایانە بۆ وەبەرهینان.**

**خواستی هەمووەکی = خستنەرووی هەمووەکی**

**خواست بۆ وەبەرهینان + خواست بۆ بەکاربردن = بەهای بەرهەمهینان کە دابەش دەبیت نیوان ( بەکاربردن و + پاشەکەوت**

$$S + C = C + I$$

$$S = I$$

**کەواتە بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێت لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری پیویستە یەکسانی لە نیوان وەبەرهینان و پاشەکەوت بە دەست بیت ، ئەوەی ئەو یەکسانەیە بەدەست دەهینێ نرخی سودی راستەقینەیە**

**نرخی سودی راستەقینە = نرخی سوود – تێکرای هەڵئاوسان**

**هاوکیشەی پاشەکەوت :** پاشەکەوتکردن پەیوەندی راستەوانەی هەیە لە گەڵ نرخی سودی راستەقینە هەر چەند نرخی سوودی راستەقینە بەرز بیتەوە ئەوە ئارەزووی پاشەکەوتکردن زیاد دەبیت.


$$S = f(i)$$

**هاوکیشەی وەبەرهێنان :** وەبەرهێنان پەیوەندی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ نرخی سودی راستەقینە ، هەرچەند نرخی سودی راستەقینە دابەزیت ئەوە وەبەرهێنەران زیاتر بەرەو وەبەرهێنان دەرۆن :

$$I = f(i)$$

هاوسەنگی لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری بە یەکسانی نیوان پاشەکەوت و وەبەرهێنان دروست دەبیت :

$$I = S$$




## هاوسەنگی لە بازاری نەخت

هاوسەنگی لە بازاری نەخت کاتیك دروست دەبێت کە خستنەرووی نەختینی و خواست لە سەر نەخت یەکسان بیت یان کاتێك ئەو بارستایە نەختینیەی کە خراوەتە ئابووری یەکسیان بیت بە بری خواست لە سەر نەخت. ئامانجی کلاسیکیەکان لەو هاوسەنگیە ئەوە بوو کە ئاستی گشتی نرخی پی دیاری بکەن.


أ) خستنەرووی نەختینی :

لای کلاسیکەکان خستنەرووی نەخت گۆراویکی سەربەخۆیە دەسەلاتی نەختینی یان بانکی ناوەندی دیاریدەکات بە گویرەی پیویستی ولات :

$$Ms = \bar{M}_0$$

$Ms$ : خستنەرووی نەختینی

$\bar{M}_0$ : بریك لە نەختی دیاریکراو



وەكو لە وینەكە دەردەكەویت خستنەرووی نەخت چەماوەیەكی ستونیە سەربەخۆیە پەیوەندی نی یە بە بری بەرهەمهێنان هەر چەندیك بێت ناگۆرێت .

ب) خواست لە سەر نەخت:

لای كلاسیكەكان خواست لە سەر نەخت لەو هاوكیشە دەست پیدەكات كە زانای امریكی ارڤینج فیشر داینا

$$MV = PY$$

$M$ : بری پارەی دیاری كراوە

$P$ : ئاستی گشتی نرخەكان

$V$ : خیرایی خولانەوی نەخت یان خیرایی دەستاودەست كردنی نەخت

$Y$ : بەهەم

**ئەو هاوكیشە پشت بە دوو گریمانەی سەرەكی دەبەستیّ:**

- $V$ خیرایی خۆلانەوەی نەخت نەگۆرە چونكە دەوستێتە سەر داب و نەریت و راهاتنی تاكەكان لەسەر بەكارهێنانی پارە.
- $Y$ قەبارەی بەرهەم نەگۆرە لە مەودای كورت چونكە ئابووری لە بەكارخستنی تەواو دایە .

به پشت بەستن بەو دوو گریمانەی سەرەوە دەگەینە ئەنجامی ئەوەی :

- پەیوەندی نیوان قەبارەی نەختینی $M$ و ئاستی گشتی نرخەكان $P$ راستەوانەیە


هەرچەندە دواتر ئەو هاوكیشە گۆرانكاری بەسەر هات لە لایەن زانكۆی كامبریدجی بەریتانی كرا بە :

$$M = k\,PY \quad \leftarrow \quad M = \frac{1}{V}\,PY$$


كە $(PY)$ ئەوەش بریتیە لە ریژەی داهاتی نەختینی $k = \frac{1}{V}$

هەلدەگیریت وەكو پارەی كاش بۆ مامەلە جۆراوجۆرەكان . كەواتە هاوكیشەی خواست لە سەر نەخت بەم شێوە دەبیت :

$$Md = k\,PY$$




ج) هاوسەنگی لە بازاری نەخت : هاوسەنگی لە بازاری نەخت دروست دەبێت کاتێك خستنەرووی نەخت یەکسانە بە خواست لە سەر نەخت : $Md = Ms$




کلاسیکەکان پێیان وایە لە ڕێگای ئەو هاوسەنگیە لە بازاری نەخت دەتواندریت ئاستی گشتی نرخەکان( P)
دیاری بکریت چونکە $M$ ، $k$ ، $Y$ بری دیاری کراون و لە ڕێگای ئاستی گشتی نرخەکان دەتواندریت بەهای بەرهەمی نەتەوەیی $(PY)$ دیاری بکریت ،هەروەها بری کرێی نەختینی ( $W$ ) دیاری دەکریت

**<u>سییەم : تیۆری نوێ ( تیۆری کینزی)</u>**

زۆر له ئابووری ناسەکان رەخنەیان گرت له تیۆری کلاسیکی دوای ئەوەی نەیتوانی قەیرانی ئابووری سالی 1929 چارەسەرکات . بەلام گرینگترین تیۆر هی زانای ئنگلیزی بوو ( جۆن ماینەرد کینز ) له سالی 1936 . له کتیبیك به ناونیشانی ( تیۆری گشتی بەکارهینان ، سوود و دراو) که تیایدا روانگەیەکی نۆیی باس کرد بۆ بەکارهینانی تەواو و هاوسەنگی هەمووەکی )

**رەخنەی کینز بۆ کلاسیکەکان**

کینز بەتوندی رەخنەی گرت له بۆچوونەکانی کلاسیکەکان ، گوتی دەکریت هاوسەنگی له نێوان خواستی هەمووەکی و خستنەروو رووبدات ئەگەر بەکارهینانی تەواویش نەبیت یان لەگەڵ بوونی بیکاری یان هەڵئاوسانیکی توند. کینز بۆچوونی وابو که سستەمی سەرمایەداری هیچ میکانیزمێکی نی یه بۆ دابین کردنی بەکارهینانی تەواو یان هاوسەنگی ئابووری به شێوەیەکی خۆرسك.

**بنەماکانی تیۆری کینزی**

یەکەم : نەبوونی پەیوەندی لەنێوان پلانی پاشەکەوت و پلانی وەبەرهینان. کینز گوتی ئەگەر پاشەکەوتی بەدەست هاتوو یەکسان بێت به وەبەرهێنانی بەدەست هاتوو ئەوە زۆر ئەستەمە پاشەکەوتی پلان بۆدارێژراو یەکسان بێت به وەبەرهێنانی دارێژراو.

دووەم : کینز یاسای ( سای ) رەدکردەوە، گوتی گومان هەیە که نرخی سوود بتوانێت هاوسەنگی دروست کات له نێوان پلانی خێزانەکان بۆ پاشەکەوت کردن که هاوکات بێت لەگەڵ پلانی خاوەنکارەکان بۆ وەبەرهێنان .

کلاسیکەکان باوەریان وابوو کاتی پاشەکەوتکردن زیاد دەبیت ئەوە دەبیتە هۆی زیادبوونی وەبەرهێنان. چونکە پارە زۆر دەبێت له بەنکەکان و ئەوەش هانی وەبەرهێنەران دەدات که بری قەرزەکانیان زیاد کەن چونکە نرخی سوود دادەبەزێت و قەزانجەکانیان له وەبەرهێنان زیاد دەبێت.

بەلام له تیۆری نوێی کینزی پاشەکەوتی زیاتر یانی کەم بونەوەی ئەو برە پارەی بۆ بەکاربردنیان داناوە کەم بێتەوە ! ئەوەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی خواستی هەمووەکی لەسەر هەموو کاڵاکان .

بۆیە ئەگەر خواست کەم بۆوە ئەوە وەبەرهێنەر بیر لەوە ناکاتەوە رادەی بەرهەمهێنانی فرەوانتر کات. چونکە بازاری کاڵاکان له پاشەکشەدایە.

- **ئامانجی پاشەکەوتکردن جیاوازە له وەبەرهینان**

تیۆری کینزی دەڵی ئەوکەسەی بەشێك له داهاتەکەی پاشەکەوت دەکات بۆ چەند ئامانجێك دەیکات وەکو ( کرینی کاڵایەك له داهاتو ، پارە کۆکردنەوە بۆ رۆژی تەنگانە ، دابینکردنی داهاتووی منداڵەکانی ... هتد). بەلام وەبەرهێنەر بەئامانجی بەدەستهێنانی قازانج بیر لەوە دەکاتەوە که پارە قەرزکات وپرۆژەیەکی وەبەرهینانی نوێ دروست کات. بۆیە پلانی پاشەکەوت کەر یەك ناگرێتەوە لەگەڵ پلانی وەبەرهێنەر و هەرگیزیش هاوکات نابێت.

- **نرخی سوود**

**هەرچەندە نرخی سوود هۆکاریکی کاریگەرە لە بریاردانی وەبەرهێنەر ، بەلام تاکە فاکتەریش نییە. گرینگترین هۆکار لای وەبەرهێنەر قازانجە . ئەگەر هاتوو بازار لە پاشەکشەدابوو ، ئەوە بێگومان رەشبینی باڵی بەسەر بازار دادەکێشێ ، لەوکاتانەش هەرگیز سەرمایەداران بیر لە وەبەرهێنانی زیاتر ناکەنەوە هیچ پارەیەك بەقەرز وەرناگرن ئەگەر هاتوو نرخی سوود زۆر یش دابەزێت**

- **نەرمی نرخ و کری**

**کلاسیکەکان دەیان گوت : ئەگەر نرخی سوود نەیتوانی بەکارهینانی تەواو بێنێتە دی ئەوە نەرمی نرخ یان کری دەتوانی ئەو ئامانجە بپێکی.  بەلام تیۆری کینزی ئەو بیرۆکەی رەدکردەوە ، چونکە سستەمی ئابووری نوی زۆر ئالۆزبووە ، گۆرینی نرخ یان کری کاریکی ئاسان نیە ، لە بازار هەندی بەرهەمهێنەری مۆنۆپول دروست بوون کە رازی نابن نرخ دابەزێت کاتێك خواستی هەمووەکی دادەبەزێت، هەروەهاش سەندیکای کریکاران ناهێلیت بە ئاسانی کرێ کریکاران دابەزێت. بۆیە ئەو نەرمیەی نرخ و کری چیتر کار ناکات لە سستەمی سەرمایەداری نوێ .**

# بەشی سییەم

## تیوری بەکاربردن *Consumption*

بەکاربردن پێناسە دەکرێت وەکو : سەرجەم ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی کە خەلك دەیانەوێت بیکرن لە وولاتێکدا بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا.
هەروەها بەکاربردن یەکیکە لە گرینگترین پێکهاتەکانی خواستی هەمووەکی . بۆیە دەکرێ بلێین بەکاربردن کۆی ئەو خەرجیە پلان بۆدارێژراوەیە کە دەکرێت لە ئابووریدا.

**تیۆرەکانی بەکاربردن**

ژمارەیەك تیۆر و گریمانە دارێژراون بۆ روونکردنەوی هۆکاری گۆرانکاری لە ئاستی بەکاربردن لە هەر وولاتیکدا . لێرە تەنها چوار لەو تیۆرە سەرەکیانە باس دەکەین بۆ دیاریکردنی گرینگترین هۆکارکان و فاکتەرەکانی بەکاربردن و ئاسەوارە ئابووریەکانی لە سەر خواستی هەمووەکی:

- تیۆری کینزی ( داهاتی رەها )
- تیوری داهاتی رێژەیی
- تیۆری داهاتی بەردەوام
- تیۆری بازنەی ژیان

یەکەم: **تیۆری کینزی**

لە تیۆری کینزی تاکە فاکتەر کە ئاستی بەکاربردن و شێوازەکانی دیاریدەکات ئەوە داهاتە . کینز پێوایە کە گرینگترین فاکتەر داهاتە بۆ زیادکردنی یان کەم کردنی بەکاربردن ئەو تیۆرە بە گریمانەی داهاتی رەها ناسراوە چونکە کینز پێوایە کە داهاتی بەردەست یان داهاتی مانگانە فاکتەری سەرەکیە بۆ زیادبوونی بەکاربردن کە پەیوەندیەکی راستەوانە هەیە لەنێوان داهاتی بەردەست و ئاستی بەکاربردن، کە بەگوێرەی ئەو هاوکێشەی خوارەوە هەرچەند داهاتی بەردەست زیاد بێت ئەوە بەکاربردنیش زیاد دەبیت بەلام بە رادەیەکی کەمتر :

$$C = a + \beta \quad Y$$

$C$ : بەکاربردنی هەمووەکی

$a$ : بەکاربردن خۆرسك

$\beta$ : مەیلی گۆرانی حەدی لە بەکاربردن بەزیاد بوونی داهات


$Y$ : داهاتی بەردەستی هەمووەکی

**شیکردنەوەی هاوکیشەی بەکاربردن**

لە تیۆری کینزی بەکاربردن بەگۆیرەی ئەو هاوکێشەی سەرەوە ئەگەر داهات یەکسان بێت بە سفر (هیچ) ئەوە بەکاربردن یەکسانە بە ( $a$ ). وچەند داهات زیادبکات ئەوە بەکاربردنیش زیاد دەکات بەلام بە رادەیەك یەکسانە بە( $\beta$ ) . ئەوەی دەمینێتەوە لەو زیادەیە پاشەکەوت دەکرێت .

$c=y$


$c$




A

$y$

$y$



B بەگویرەی تیۆری کینزی لە نێوان $0 - 1$ .

کەواتە کەسێك ئەگەر داهاتەکەی زیاد بوو ئەوە هەموو زیادەکە خەرج ناکات بۆ بەکاربردن بەڵکو بەشێك هەڵدەگرێت بۆ پاشەکەوت کردن . هەروەهاش B بە مەیلی حەدی بەکاربردن دەناسریت کە ئەگەر داهات زیاد بوو ئەوە بەکاربردن زیاد دەکات بەلام بە رادەیەکی کەمتر کە یەکسانە بە B.


$a$ مانای ئەگەر کەسێك هیچ داهاتی نەبێت ئەوە دەبێت بەشێك پارە لە پاشەکەوتەکانی پێشووی خەرج کات تا بەردەوام بێت لەژیان ، بۆیە $a$ بەردەوام موجەبە .

## دووەم - تیوری داهاتی رێژەیی The Relative Income Hypothesis :

ئەو تیورە زانایەکی ئەمریکی بە ناوی "دیزنبیری" Duesenberry پێشکەشی کردوە بۆ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی بەکاربەران ، ئەو تیورە باوەری وایە خەرجی بەکاربردن دەوستێتە سەر کاتێکی دیاری کراو وە بە گوێرەی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەی تێایدا دەژین . بە شێوەیکی سادە ئەو تیورە دەڵێت بە کاربردن بشت نابەستێت بە داهاتی رەها بەڵکو بە داهاتی رێژەیی ، یان خەرجی هەر خێزانێك دەوەستێتە سەر خەرجی خێزانەکانی تر کە لە دەوروبەری ئەژین. ئەو تیورە رەخنەی لە هەردوو گریمانە سەرکیەکەی کینز گرت. ئەوانیش :

**گریمانەی یەکەم** : کینز دەیگوت خەرجی هەر خێزانیك جیاوازە لە خەرجی خێزانەکانی تر ، بەڵام "دیزنبیری" دەڵێت ئەگەر داهاتی هەموو خێزانەکان زیادی کرد وە خیزانیك دوای زیاد بوون داهاتەکەی توانی 10,000 دولار بەدەست بێنێت ، ئەو خێزانەش هەمان رێژە لە داهات تەرخان دەکات بۆ خەرجی وەکو هەموو خێزانەکانی تر . لێرە دیزنبیری شتێکی نوێ پێشکەش کرد ئەویش بە کاریگەری لاسایی و چاولێککردن دەناسرێت هەروەها دەڵێت هەر خێزانیك گەر بزانێت داهاتەکەی کەمترە بە بەراورد لە گەڵ خێزانەکانی تر خەرجی کەم دەکاتەوە . کینز دەیگوت کاتێك داهاتی رەها زیاد دەکات ئەوە خەرجی بەکاربردنیش زیاد دەکات، بەڵام

"دیزنبیری" وای نابینێت . چونکە زیاد بوون لە داهات نابێتە هۆی زیادبوونی خەرجی بەکاربردن لە سەر هەمان چەماوە بەڵکو چەماوەکە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر . بە گوێرەی کینز کاتێ داهات بەرز دەبێتەوە بەکاربردن دەگوازرێتەوە لە لە A بۆ B. بەڵام دیزنبری دەڵێت نا لە کاتی زیاد بوونی داهات بە کاربردن دەگوازرێتەوە بۆ C، وە ئەگەر



زیادەیەکی تر رووبدات لە داهات ئەوە بەرەو خاڵی D. دەروات  وە بەدرێژایی کات ئاستی جیاواز بە دەست دێت لە بەکاربردن وە دەشلێت مەیلی تیکرای بەکاربردن APC ناگۆرێت هەر وەك لە تیوری کینز باس کراوە و. بە گوێرەی ئەو هاوکێشەی خوارەوە دوزنبیری  باسی پەیوەندی نیوان داهات و بەکار بردن کردوە  :

$$C_{mt} = K \bullet Y_{mt}$$

کاتێ :-

$K$ : رێژەیەکی نەگۆرە لە داهات

$Y_{mt}$ : تیکرای داهاتی خێزان

$C_{mt}$ : تیکرای بەکاربردنی خێزان .

$$\text{تیکرای بەکاربردنی خێزان} = \frac{\text{قەبارەی بەکاربردنی خێزان لە ماوەیەکی دیاریکراو}}{\text{ژمارەی خێزانەکان لە هەمان ماوەدا}}$$

$$\text{تیکرای داهاتی خێزان} = \frac{\text{قەبارەی داهاتی لە ماوەیەکی دیاریکراو}}{\text{ژمارەی خێزانەکان لە هەمان ماوەدا}}$$

$$\mathrm{C_t} = K \bullet Y_t \qquad \frac{\mathrm{C_t}}{\mathrm{F_t}} = K\,\frac{Y_t}{F_t} \qquad C_{mt} = K \bullet Y_{mt}$$

**<u>گریمانەی دووەم</u>**

کینز گریمانەی ئەوەی کردبوو کە پەیوەندی نێوان داهات و بەکاربردن وەکو یەکە هەموو کات یان بە هەمان ئاراستە ئەروات ، بەڵام دیزینبری بە پێچەوانەوە : پێیوایە ئەو پەیوەندیەی کینز باسی دەکات راست نیە  چونکە شەرت نیە هەموو کات بەکاربردن و داهات وەکو یەك بن لە ماوەیەکی درێژدا . دیزینبری هەڵکشان و داکشانی ئابووری خستە نێو ئەو پەیوەندیە : گوتی ئەگەر داهات زیاد بێت ئەوە بەکاربردنیش زیاد دەبێت بەڵام کاتێ بەرزبونەوەی داهات دەگاتە ئاستێکی بەرز دەست دەکات بە دابەزین بە هۆی خوڵی ئابووری ، بەڵام بەکاربردن بە هەمان شێوە دانابەزێت چونکە بەکاربەران تازە راهاتون لە سەر ئەو ئاستە لە بەکاربردن . هەر بۆیە بەکاربردن ناوەستێتە سەر داهاتی بەردەست بەڵکو داهاتی رێژەیی بەردەست لەو ماوەیە دیاریکراوە یان بەرزترین داهات لە ماوەی رابردوو.

.

$$\frac{C_{mt}}{Y_t} = c_0 - c_1 \frac{Y_t}{Y_0}$$

**سێیەم: تیۆری داهاتی بەردەوام**

دوای تیۆری کینزی چەند تیۆرێکی تر هاتن بۆ شیکردنەوەی رادەو چۆنیەتی بەکاربردن. گرینگترینیان تیۆری داهاتی بەردەوام و تیۆری بازنی ژیان کە هەردوکیان تا رادەیەك بەیەك دەچن.

تیۆری داهاتی بەردەوام لە دەستی میلتۆن فریدمان هاتە کایەوە : تیایدا گوتی بەکاربردن ناوەستێتە سەر داهاتی هەنوکەیی (یان رەها) بەڵکو زیاتر دەوەستێتە سەر داهاتی بەردەوام

**پێناسەی داهاتی بەردەوام**

داهاتی بەردەوام ئەو برە داهاتەیە کە بەدەست دێت لە ماوەیەکی درێژدا ، کە جگە لە سامان ئەو داهاتەش دەگرێتەوە کە پێشبینی دەکریت لە داهاتوو بەدەستی بینێت.

داهاتی بەردەوام یەکسانە بە داهاتی ساڵی رابردوو لەگەڵ رێژەیەك لە داهاتی ئەو ساڵەی تیایداین.

$$PY = Y_{-1} + \delta \ (Y - Y_{-1})$$

$Y_{-1}$ : داهاتی سالی رابردوو      $Y$ : داهاتی ئەم سال


$\delta$ : ئەوە رێژەیە جیاوازی لە نێوان داهاتی ئەم سال و لەگەڵ سالی رابردوو

$PY$ : داهاتی بەردەوام

**بیرۆکەی داهاتی بەردەوام**

میلتۆن فریدمان پێوایە کە خەلك بە گوێرەی ئاستی داهاتی بەردەوام خەرجیەکانی بۆ بەکاربردن دادەریژێت. خەڵك بەگوێرەی ئەو تیۆرە ئاستی بەکاربردنی ناگۆریت لە ماوەیەکی دێژدا . ئەگەر داهاتی ئێستای زیاتربێت ئەوە پارەکە پاشەکەوت دەکات . ئەگەر داهاتی ئێستای کەمتربوو لە داهاتی بەردەوام ئەوە ئاستی بەکاربردنی دەپارێزیت و بەشێك لە پاشەکەوتەکانی خەرج دەکات یان بەشێك لە سامانەکەی دەفرۆشێت و خەرجی دەکات

.



**چوارەم: تیۆری بازنەی ژیان**


ئەو تیۆرە سێ زانای ئابووری دایاناوە : فرانكۆ مۆدیگلیانی و البێرت اندۆ و برومبرج
تیۆری بازنەی ژیان زۆر بە تیۆری داهاتی بەردەوام دەچێت . تەنها ئەو تیۆرە باوەری وایە كە ئەو داهاتەی كە خەلك ئاستی بەكاربردنیان لەسەر دادەرێژن ئەو داهاتەیە كە بەدرێژایی ژیانیان بەدەستیان دەكەوێت .

ئەو داهاتە دەكرێت هەژمار بكرێت چونكە وەكو داهاتی بەردەوام ناوەستێتە سەر بەخت و دەرفەت بۆ زیادبوونی داهات.

**بازنەی ژیان**

داهات لە سەرەتای ژیان و كۆتایی ژیان كەمە بۆیە مرۆڤ هەردەم دەیەوێت هەمان ئاستی بەكاربردن بپارێزێت بە درێژایی تەمەنی چاوەروانكراوی.

مرۆڤ لەسەرەتای ژیانی قەرز دەكات تا ئاستی داهاتی بەرز دەبێتەوە دەتوانێت قەرزەكانی بداتەوە ، دواتر بەشێك لە داهاتەكەی پاشەكەوت كات بۆ تەمەنی پیری و خانەنشینی.




**هۆكارە كاریگەرەكانی بەكاربردن**

جگە لە داهات ، چەند هۆكاریكی تر هەیە كاردەكاتە سەر ئاستەكانی بەكاربردن و دەبێتە هۆی گوازتنەوەی چەماوەی بەكاربردن بۆ ئاستێكی تر بەرزتر یان نزمتر . وەكو ئەو هۆكارانەی خوارەوە:

1- لاسایی کردنەوە و چاولێککردن : زۆر کەس بە هۆی چاولیککردن بەشێك لە خەرجیەکانی زیاد دەکات بۆ بەکاربردنی کاڵایەك نەك بە هۆی پێویستی بەو کاڵایە . هەرچەند دیاردەی لاسایی کردنەوە و چاولێککردنی کەسانی تر زیاد بکات لە کۆمەڵگایەك ئەوە بەشە داهاتی تەرخانکراو بۆ بەکاربردن زیاد دەکات یان مەیلی حەدی بەکاربردن زیاد دەکات.

2- روانگەی کەسەکان بو پاشەکەوت کردن : لە کۆمەلگایە پێشکەوتوەکان روانگەی کەساکان بۆ پاشەکەوتکردن بەرزە ، بۆیە رادەی بەکاربردنیان کەم دەبێتەوە . چونکە هەرچەند رادەی پاشەکەوتکردن زیاد بکات ئەوە بەشە داهاتی تەرخانکراو بۆ بەکاربردن کەم دەبێتەوە.

3- هۆکارە کۆمەلایەتیەکان: چەندین هۆکاری کۆمەلایەتی هەیە وەکو تەمن و رادەی خوێندەواری خێزان رێژەی نێر ومێ لە کۆمەلگادا ، هەموویان کاردەکەنە سەر رادەی بەکاربرن.

4- شێوازی دابەش بوونی داهات لە کۆمەلگادا : هەروەك ئاشکرایە کە مەیلی حەدی بەکاربردنی دەولەمەند زۆر نزمترە لە مەیلی حەدی کەم دەرامەتەکان چونکە ئەو کەسانەی داهاتیان بەرزە هەموو پێداویستەکانیان دابین کراوە هەر زیاد بوونێك لە داهاتیان کار ناکاتە سەر ئاستی بەکاربردنیان بە پێچەوانەی کەم دەرامەتەکان کە هەر زیادبونێك لە داهات دەبێتە زیادبونیك لە ئاستی بەکاربردنیان ، بۆیە لەو ناوچانەی کە شێوازی دابەشبونی داهات نارێکە و کەم دەرامەت زۆرن ئەوە بری بەکاربردن زیاترە .

5- سامانی کەسەکان: بونی سامانێك یان میراتیك بۆ کەسەکان کاریگەری زۆری هەیە لە سەر زیادبونی رادەی بەکاربردنیان ، کەدوور نیە لەسەر ئەو ئاستە رابێن نەتوانن کەمی بکەنەوە . یان بونی سامانێك جۆرە هەستکردنیك بە ئاسودەیی دروست کات لای ئەو کەسە کە پێویستی بە پاشەکەوتکردن نەبێت زۆر بری خەرجییەکانی زیاد بکات.

6- ئاستی نرخی کاڵاکان لە بازار: هەرچەند نرخی کاڵاکان لە بازار زیاد بکات ئەوە بەکاربردن کەم دەبێتەوە. بەلام ئەگەر نرخ زیادی کرد لەگەڵ زیادبونی ئاستی داهاتی کەسەکان بەهەمان ئاست یان کەمتر لەو ئاستە، ئەوە بەکاربردن کەم نابێتەوە یان دوور نیە زیادێش بێت بەهۆی دروست بونی وەهمی نەختێنی ، کە خەلکانێك واهەست دەکەن داهاتیان بەرزبۆتەوە هەرچەندە داهاتی راستییان زیاد نەبوە یان کەم بۆتەوە تەنها داهاتی نەختییان تۆزیك زیادیکردوە.

7- نرخی سوود : نرخی سوود هەرچەند زیادکات ئەوە کاردەکاتە سەر رادەی پاشەکەوتکردن بۆیە بەکاربردن کەمدەبێتەوە. بەلام هەندی لەزانایان پێیان وایە ئەگەر نرخی سوود بەرز بێتەوە ئەوە داهاتی ئەو کەسانەش پاشەکەوتیان هەیە زیاد دەکات دەبێتە هۆی زیاد بوونی بەکاربردن.

8- پێشبینی کردنی بەکاربەران : پێشبینی کردن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئاستی بەکاربردن . ئەگەر بەکاربەران پێشبینیان کرد کەوا نرخی کاڵاکان لە داهاتو بەرزدەبێتەوە ،ئەوە خەرجییەکانیان

زياد دەكەن بە پێچەوانەش ئەگەر ئەگەر هەستيان كرد ئەوە نرخ دادەبەزێت ، ئەوە پاشەكەوت دەكەن لە چاوەروانی دابەزينی نرخەكان لە داهاتوو.

9 – ئاستی باج: هەر چەند ئاستی باج زياد بكات ئەوە داهاتی بەردەست كەم دەبيتەوە ،بۆيە بەكاربردن كەم دەبێتەوە .

**شيكردنەوەی بەكاربردن**

پاش ئەوەی بۆمان روون بووە كە داهاتی بەردەست فاكتەری سەرەكی يە كە كاردەكاتە سەر بری خەرجی بەكاربردن ، ئەوەش پەيوەندی راستەوە خۆی هەيە لە گەڵ پاشەكەوت. چونكە داهات بە گشتی دابەش دەبێت لە نێوان خەرجی بەكاربردن و پاشەكەوت. ئەوەش دەمانگەيەنێت بە هاوكێشەی بەكاربردن . كە دەتوانين پێناسەی بكەين بە ئەو هاوكيشە بيركاريەی كە پەيوەندی نێوان داهات و خەرجی بەكاربردن دەبەستێتەوە .

بە گوێرەی تێۆری كينزی هاوكێشەی بەكاربردن لە دوو بەش پێك دێت ئەويش بەكاربردنی خۆرسك و بەكاربردنی پشت بەستو بە داهات بەم شێوەی خوارەوە :

$$C = \alpha + \beta\, Y$$

$C$: بەكاربردن

$\alpha$ : بەكاربردنی خۆرسك

$\beta$ : مەيلی حەدی بەكاربردن

$Y$: داهاتی بەردەست

لەو هاوكێشەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت بەشێك لە خەرجی بەكاربردن هەيە كە پەيوەندی بە داهاتەوە نيە ، بری داهات هەر چەند بێت ئەو برە لە بەكاربردن هەردەكرێت هەتا ئەگەر هاتوو داهات سفريش بێت . ئەوەش لە ژيانی رۆژانەی خۆمان بە راشكاوی دەبيندرێت ، چونكە مرۆڤ هەر دەبێت برێك بەكاربردن بكات تا بە زيندوويی بمينێتەوە هەتا ئەگەر هاتو هێچ داهاتيشی نەبێت . ئەو بەشە لە بەكاربردنی خۆرسك دەناسرێت .

بەشی دووەم لە خەرجی بەكاربردن لە ژير كاريگەری داهات دەبێت ئەو بەشە بەزياد بوونی داهات ئەويش زياد دەكات بەڵام بە رێژەيەكی دياری كراو، ئەو رێژەيە بە مەيلی حەدی بەكاربردن دەناسرێت كە برەكەی لە نێوان ( $1 - 0$)

بۆ نمونە : ئەگەر هاوكێشەی بەكاربردن بەم شێوەيە بێت :

$$C = 200 + 0.6\, Y$$

لەو هاوكێشەيە بۆمان دەردەكەوێت كە بە كاربردنی خۆرسك يەكسانە بە $200$ ومەيلی حەدی بەكاربردن يەكسانە بە ( $0.6$ )

كەواتە بە گوێرەی ئەو هاوكیشەیە ئەگەر بری داهاتی بەردەست دیاری بكرێت ئەوە دەتوانین بری خەرجی بەكاربردن و پاشەكەوتێش دەربێنین هەروەك لەو خشتەیە دەردەكەوێت دواتر .

| MPS | MPC | APS | APC | S | C | Y |
|---|---|---|---|---|---|---|
| - | - | - | - | 200- | 200 | 0 |
| 0.4 | 0.6 | 1.6 - | 2.6 | 160- | 260 | 100 |
| 0.4 | 0.6 | 0.6 - | 1.6 | 120- | 320 | 200 |
| 0.4 | 0.6 | 0.3- | 1.3 | 80- | 380 | 300 |
| 0.4 | 0.6 | 0. 1- | 1.1 | 40- | 440 | 400 |
| 0.4 | 0.6 | 0 | 1 | 0 | 500 | 500 |
| 0.4 | 0.6 | 0.07 | 0.93 | 40 | 560 | 600 |
| 0.4 | 0.6 | 0.11 | 0.89 | 80 | 620 | 700 |
| 0.4 | 0.6 | 0.15 | 0.85 | 120 | 680 | 800 |

## خاڵی یەكسان بوون

لەو خاڵە داهاتی بەردەست یەكسان دەبێت بە بەكاربردن ، یان دەتوانین بلێن هەموو داهات خەرج دەكرێت بۆ بەكاربردن پاشەكەوت سفرە لەو خاڵدا. ئەو ناوچەیەی دەكەوێتە پێش ئەو خاڵە لە نەخشەكەدا بەكاربردن تیادا زیاترە لە داهات و پاشەكەوتیش سالبە . بەڵام ئەوناوچەیەی كە دەكەوێتە پاش ئەو خاڵە ئەوە بە كاربردن كەمترە لە داهات پاشەكەوتیش موجەبە .

دەتوانین لێرەوە **مەیلی تێكرای بەكاربردن** دیاری بكەین بەو رێژەیەی لە داهات كە خەرج دەكرێت بۆ بەكاربردن ئەوەش بەدابەش كردنی سەرجەم بری بەكاربردن بە سەر داهاتی بەردەست .

**مەیلی تێكرای بەكاربردن** $(APC) = \frac{\text{سەرجەم بەكاربردن}}{\text{داهاتی بەردەست}} = \frac{C}{Y}$

سەرجەم **پاشەكەوت**

$S$

**مەیلی تێکرای پاشەکەوت** $(APS) = \frac{\quad}{\text{داهاتی بەردەست}} = \frac{\quad}{Y}$

مەیلی تێکرای بەکاربردن کەم دەبێتەوە هەرچەند داهات زیادبکات بەڵام مەیلی تێکرای پاشەکەوت زیاد دەبێت هەرچەند داهات زیادبکات ، بەکۆکردنەوە مەیلی تێکرای بەکاربردن ومەیلی تێکرای پاشەکەوت یەکسان دەبێت بە یەك .

$C \qquad\qquad S$

$C+S \qquad\qquad Y$

$APC + APS = \text{---------} + \text{----------} = \text{---------------------}$

$= \text{---------} = 1$

$Y \qquad\qquad Y$

$Y \qquad\qquad Y$

مەیلی حەدی بەکاربردن ( $MPC$) بریتیە لە رێژەی گۆران لە بەکاربردن لە ئەنجامی گۆرانی داهات بە یەك دۆلار دەتوانین بوم شێوەیە پەیوەندیەکە بنوسین :

**مەیلی حەدی بەکاربردن** $(MPC) = \frac{\text{گۆران لە بەکاربردن}}{\text{گۆران لە داهاتی بەردەست}} = \frac{\Delta C}{\Delta Y}$

**مەیلی حەدی پاشەکەوت** $(MPC) = \frac{\text{گۆران لە پاشەکەوت}}{\text{گۆران لە داهاتی بەردەست}} = \frac{\Delta S}{\Delta Y}$

مەیلی حەدی پاشەکەوتکردن ( $MPS$ ) بریتیە لە ڕێژەی گۆران لە پاشەکەوت لە ئەنجامی گۆرانی داهات بە یەك دۆلار

$$MPC + MPS = \frac{\Delta C}{\Delta Y} + \frac{\Delta S}{\Delta Y} = \frac{\Delta C + \Delta S}{\Delta Y} = \frac{\Delta Y}{\Delta Y} = 1$$

بۆ دۆزینەوەی هاوكێشەی پاشەكەوتكردن پێویستمان بە زانینی چەند پەیوەندیەك هەیە وەكو :

كۆكردنەوەی **مەیلی حەدی بەكاربردن** لەگەڵ **مەیلی حەدی پاشەكەوت یەكسانە بە یەك**


$$MPC + MPS = 1$$

كەواتە

$$MPS = ( 1 - MPC )$$

بەم شێوەیە لە هاوكێشەی بەكاربردن دەتوانین هاوكێشەی پاشەكەوت دروست كەین بە لە جیاتی دانانی ئەو پەیوەندیانەی سەرەوە هەروەها پاشەكەوتی خۆرسك وەكو بەكاربردنی خۆرسكە تەنها سالبە .

$$C = 200 + 0.6\ Y \Rightarrow S = -200 + ( 1 - 0.6 )\ Y \Rightarrow S = -200 + 0.4\ Y$$




ڕاهێنان ( 1) : ئەگەر زانیت هاوکیشەی بەکاربردن بەم شیوەیەبێت :

$$C = 300 + 0.8\ Y$$

ئەو خشتەیەی خوارەوە تەواو بکە

خاڵی یەکسان بوون بدۆزەوە بە شێوەی بیرکاری .

هاوکێشەی پاشەکەوت بدۆزەوە

| MPS | MPC | APS | APC | S | C | Y |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | 0 |
| | | | | | | 400 |
| | | | | | | 800 |
| | | | | | | 1200 |
| | | | | | | 1600 |

ڕاهێنان ( 2) : ئەگەر زانیت هاوکیشەی بەکاربردن بەم شیوەیەبێت :


$$C = 20 + 0.9\ Y$$

خشتەیەك دروست کە بو دۆزینەوەی بەکاربردن و پاشەکەوت کاتیك داهاتی بەردەست بە شێوەیەبێت

100، 250، 300، 450

ئایە خاڵی یەكسان بوون دەردەكەوێت لەو خشتەیە ؟

راهێنان( 3) : ئەگەر ئەو نەخشەت هەبێت : 1- هاوكیشەی بە كاربردن و هاوكیشەی پاشەكەوت بدۆزەوە 2- مەیلی تێكرای بەكاربردن بدۆزەوە كە داهات یەكسانە ( 400 )



# بەشی چوارەم

# پاشەکەوت و وەبەرهێنان

## یەکەم : پاشەکەوت

پاشەکەوتکردن دیاردەیەکی ئابووری سەرەکی یە لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا . ئەویش ئەو بەشە زیادەیە کە لە داهات دەمینێتەوە پاش خەرجی بەکاربردن ، بۆیە هەندێك ناوی دەبەن بە زیادە.
پاشەکەوت خۆی لەو لادانە دەبینیتەوە کە لە داهات دەکرێت بە ئامانجی هەڵگرتنی وەکو یەدەك کە ئەویش دواتر خەرج دەکرێت بۆ وەبەرهێنان یان خەرجی بەکاربردنی دواخراو.
کلاسیکەکان جیاوازیان نەدەکرد لە نێوان پاشەکەوت و وەبەرهێنان . چونکە دەیان گوت کە هەموو پاشەکەوتێك لە کۆتاییدا هەر خەرج دەکرێتەوە یان بۆ وەبەرهێنان دەروات بە شێوەیەکی خۆرسك . هەربۆیە هەندی جار ناویان دەنا وەبەرهێنانی خۆرسك . ئەو شیکردنەوەیە زانای فەرەنسی ( سای ) کورتی کردەوە لە یاسایەك کە هەر خستنەروویەك خواستی یەکسان بەخۆی دروست دەکات بەو مانایەی داهات یان خەرج دەکرێت بۆ بەکاربردن یان پاشەکەوت دەکریت بۆ وەبەرهێنان .
بەلام ئابوریناسە نوێ خوازەکان باوەریان وایە کە پرۆسەی پاشەکەوتکردن جیاوازە لە پرۆسەی وەبەرهێنان . پاشەکەوتکاریش جیاوازە لە وەبەرهێنەر. هەرچەندە بری پارەی پاشەکەوتکراو یەکسانە بە بری وەبەرهێنان بەلام ئەوە بە هۆی نرخی سوود نیە هەر وەك کلاسیکەکان باسیان دەکرد بەڵکو بەهۆی داهاتی نەتەوەییە .

### پاشەکەوتی ئارەزوومەندانە و پاشەکەوتی زۆرەملی

دەتوانین پاشەکەوتکردن بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش بکەین :

1. باشەکەوتی ئارەزومەندانە : ئەم جۆرە مرۆڤ بە ئازادی و ئارەزومەندانە دەیکات لە ئەنجامی هاوسەنگ کردنی نیوان خەرجیەکان و پیداویستیەکانی ، و تاچەند دەتوانێت بریك لە داهاتی خۆی دابرێت هەڵیگرێت وەکو پاشەکەوت . ئەوش دەوستێتە سەر چەند هۆکاریك کە پەیوەستە بە رادەی هۆشیاری تاك و شیوازی خەرجی .... هتد.
2. پاشەکەوتی زۆرەملی: ئەو جۆرە پاشەکەوتە بە زۆر تاك ناچار دەکریت تا بیکات لە ریگای چەند یاسایەك یان بریارێکی میری یا ئەو لایەنەی کە دەسەلاتی هەیە بەسەرماندا . ئەم جۆرە پاشەکەوتە خۆی لە پێنج شێواز دەبینێتەوە:

- **پاشەکەوتی خانەنشینی:** ئەوش حکومەت هەڵدەستێت بە برینی بەشێك یان رێژەیەك لە موچەکەت و دەیخاتە سەندوقی خانەنشینی تا دوای تەمەنی پیری وەریدەگریەوە وەکو مۆچەی خانەنشین بوون .
- **پاشەکەوتی کۆمپانیاکان :** کاتێك کۆمپانیاکان پیویستیان بە برە پارەیەك دەبیت هەڵدەستن بە برینی بەشیك لە کرێی کریکارەکان یان قازانجی پشکدارەکان تا بەکاریبهێنیت بۆ فرەوانکردنی کۆمپانیاکە.
- **پاشەکەوت کردن لە رێگای باج :** کاتێك تاك پاشەکەوت ناکات بە ئارەزووی خۆی دەولەت ناچار دەبیت جلەوی خەرجیەکانی هاولاتیان بگریت کەمیکاتەوە تا بتوانێت برێك پارە دابین بکات بۆ وەبەرهێنانی حکومی بۆ خزمەتگوزاری و گەشە پێدانی ئابووری.

- **پاشەکەوت بەرێگای قەرز:** قەرز کردن شێوازێکە لە شیوازەکانی پاشەکەوتی زۆرەملی ، ئەویش بەو ناوەی کاتیك قەرز دەکرێت پێویستە بۆ دانەوەی پاشەکەوت بکریت تا بتوانیت ئەو قەرزە بدەیتەوە . ئەویش دوو جۆرە قەرزی ناوەخۆیی قەرزی دەرەکی دەولەت دەتوانێت قەزر بکات لە بانك و کۆمپانیە ناوەخۆییەکان هەروەها دەتوانیت قەرز بکات لە وولاتانی تر یان بانك و دەزگا داراییە نێودەولەتیەکان.
- **بەپارەدارکردنی هەڵاوسایی:** ئەوش جۆریکە لە پاشەکەوتی بەزۆر کاتێك حکومەت بریك لە بەهای پارەکانت کەمدەکاتەوە بە رێگای چاپ کردنی پارەی نوێ یان زیاد کردنی بری خستنەرووی پارە ، ئەوەش تاك بی ئەوەی هەست بکات بەشێك لە بەهای پارەکانی کەمدەبێتەوە کە حکومەت دەیبات بە کاری دەهێنێت بۆ پرۆژەی حکومی و خزمەتگوزاری.

**مەبەستەکانی پاشەکەوت کردن**

ژمارەیەك مەبەست هەیە وا لە خەڵك دەکات کە بەشێك لە داهاتەکانیان پاشەکەوت بکەن بۆی:

1 – پاشەکەوت کردن بۆ دابین کردنی پارە بۆ پرۆژەیەك لە داهاتوو

2- پاشەکەوت کردن بۆ جێهێشتنی پارەیەك یان سامانیك وەکو میرات بۆ مندالەکانی.

3- پاشەکەوت کردن بۆ هەست کردن بە ئاسوودەیی لە داهاتوو .

4- پاشەکەوت کردن بۆ دەوڵەمەند بوون و کۆکردنەوەی سامان

5- پاشەکەوت کردن لە خۆشەوستی پارەو رەزیلی.

**پاشەکەوت لە نێوان وەبەرهێنان و اکتنازدا**

کلاسیکەکان دەیان گوت پاشەکەوتەکان هەموی بۆ وەبەرهێنان دەروات ، چونکە بە باوەری ئەوان تاکە ئامانج بۆ پاشەکەوت کردن وەبەرهێنانە . باوەریان وابو کاتی کەسێك برێك لە داهاتی خۆی دەگرێتەوە بە مەبەستی زیاد کردنی وەبەرهێنانە لە داهاتوودا , بەڵام ئابوورینامە نوێخوازەکان گوتیان مەرج نیە هەموو پاشەکەوتێك بەرەو وەبەرهێنان بروات بەڵکو بریێکی بە وشکی هەڵئگیرێت یان دەکرێت بە زێر و خشل وکەل وپەلە باهادارەکان ناگەرێتەوە بازار بەڵکو دەشاردرێتەوە لە بازنەی بازاردا کەس هیچی لە سەرنازانیت برەکەی یا جۆرەکەی چیە و چەندە .

**پاڵنەرەکانی پاشەکەوتکردن :**

پاشەکەوت کردن لە سەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی وەستاوە : توانای پاشەکەوت کردن و ئارەزووی پاشەکەوت کردن . توانای پاشەکەوت کردن دەوستێتە سەر بری جیاوازی نیوان داهات و خەرجیەکان ئەویش تەنها ناوستێتە سەر بری داهاتی رەها ، بەڵکو دەوستێتە سەر سستەمی خەرجیەکان و شیوازی ژیانی کۆمەڵگا وهەڵسوکەوتی تاك بەرامبەر ئارەزوی خەرج کردن و هۆشیاری بە گرینگی پاشەکەوتکردن ئەو ئەگەرانەی لە داهاتوو دێتە پێشەوە.

بەڵام ئارەزووی پاشەکەوت کردن کارێکی دەروونی و پەروەردەییە زیاتر دەوەستێتە سەر شیوازی پەروەردەبوون تاك لە نیو خێزان و ژینگەی دەوروبەری و راهاتنی لە سەر گرینگی وهۆکاری خەرجی و پاشەکەوتکردن .

چەند پاڵنەرێکی بابەتی هەیە ئەویش ئەمانەن:

- **داهات** : داهات چەند زیاد بێت ئەوندە بەکاربردنت زیاد دەبێت بەڵام پاشەکەوتکردنت زیاتریش دەبێت . ئەوانەی داهاتیان زۆرە ئەو برەی پاشەکەوتی دەکەن زۆر دەبێت بۆیە دەبیت بە پاڵنەریك بۆ پاشەکەوتی زیاتر بەڵام ئەوەی داهاتی کەمە بێگومان پاشەکەوتەکەشی کەم دەبێت بۆیە ئارەزووی پاشەکەوتکردنی زیاتر ناکات چونکە ئەوندە ناهێنیت خۆی بێبەش کات لە چێژی خەرجیەکانی بۆ پاشەکەوتکردنی بریکی کەم لە پارە.
- **نرخی سوود:** بری نرخ سوود کاریگەری جیاوازی هەیە بۆ پاشەکەوت کەر و وەبەرهێنەر چونکە چەند نرخی سوود بەرز بێت پاشەکەوت کردن زیاد دەبێت بەڵام زۆر بوونی نرخی سوود وەبەرهێنان کەمدەکاتەوە .
- **ستەمی دارایی :** ئەگەر دەولەت ویستی باج زیاد بکات ئەو بیگومان پاشەکەوتکردن کەم دەبێتەوە بەلاٚم ئەگەر باج کەم بکاتەوە ئەو بەشێکی زۆر لە داهات دەمینێتەوە بۆ پاشەکەوتکردن ، ئەوەش دەبیتە پاڵنەریکی باش بۆ پاشەکەوتکردن .
- **ئاستی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و نێودەولەتی :** پیشبینی کردنی کە شەر و قات و قری بەریوەیە ئەوە هەموو خەڵك هەڵدەستن بە کرینی کەل و پەلو خۆراکی پیویست پاشەکەوتی پارە کەم دەبیتەوە . بەلاٚم ئەگەر پێشبینی بکریت کە پارە نامینێت خەڵك پارە پاشەکەوت دەکات بۆ رۆژیکی رەش کە پیشبینی دەکەن .
- **ستەمی ئابووری و دابەشبونی داهات :** لە سستەمی سەرمایەداری تەنها ئەوانەی دەوڵەمندن توانی پاشەکەوتیان هەیە . هەژارەکانیش پاشەکەوتەکانیان تەنها بۆ گەیشتن بە ئاستیکی نزیك لە ئاستی دەوڵەمەندەکان . بەڵام لە ولاتانی سوشیالستی جیاوازی نیوان چینەکان کەمە ئەگەر ئاستی ئابووری ولات بە گشتی باش بیت هەموو خەڵك بەیکەوە توانای پاشەکەوتکردنیان زۆر دەبیت .

**کەناڵەکانی پاشەکەوتکردن :**

سەرچاوەکان یان کەناڵەکانی پاشەکەوتکردن سێ جۆرن : پاشەکەوتی کەرتی گشتی یان میری ، پاشەکەوتی پرۆژە تایبەتەکان ، پاشەکەوتی کەرتی خێزانی . بەلام دەتوانین بە گشتی بڵێن پاشەکەوتی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت

پاشەکەوتی کەرتی گشتی بریتیە لەو پاشەکەوتەی کە دامودەزگا میریەکان پێ هەڵدەستن یان پێکدێت لە جیاوازی نیوان داهات و خەرجی حکومی لە ساڵیکدا . هەندی جار پرۆژە حکومیەکان دەتوانین برێك پارە پاشەکەوت بکەن ساڵانە لە داهاتی پرۆژەکان. هەروەها ئەو پاشەکەوتانەی کۆدەبنەوە لە سەندوقی خانەنشینی و سەندوقی بیمەی کۆمەڵایەتی .... هتد

پاشەکەوتی کەرتی تایبەت پێك دێت لە دوو بەش پاشەکەوتی خیزانی و پاشەکەوتی پرۆژە تایبەتەکان
.

پاشەکەوت لە کەرتی خیزانی بە گشتی دەوستێتە سەر چەند هۆکاریك :

- داهاتی مانگانەی خێزان : هەر چەند زۆر بیت ئەوە توانای پاشەکەوتکردنی خیزان زۆر دەبێت .
- بەکاربردن : ئەویش چەند هۆکاریکی وەکو ئاستی نرخ و شیوازی فرۆشتی شەمەك و چەند فاکتەریکی خودی وەکو خۆدەرخستن و خۆ هلکیشان و لاف لێدان ... هتد
- داب و نەرێت و لاسایی کردنەوە نێو کۆمەلگا
- ئاستی باج و باری گرانی کۆمەڵایەتی

**پاشەکەو ت لە کەرتی پرۆژە تایبەتەکان** دەوەستێتە سەر جۆری کارەکە و شیوازی بەرێوەبردن و ژمێریاری . بە تایبەتی ئەو پرۆژە بچوکانەی وەکو دوکانداریك یان کارگەیەکی بچوك پاشەکەوتەکان زۆر جار تێکەلٚ دەبنەوە بە سەرمایەی پرۆژەکە نازاندرێت چەندە . بەلام پرۆژە گەورەکان و کۆمپانیاکان ئەوە یاسای کارگێری و شیوازی ژمێریاری باشترە ، بەشیك لە داهات و قازانجەکان هەڵدەگیرین لە ژیر ناونیشانی سەرمایەی یەدەك و یان بری سوان یان پاشەکەوتی زۆرەملێ کە بەگوێرەی یاساکان دەبێت بیکەن . بیگومان ئاستی چاڵاکی ئابووری گەشەی ئابووری رێژەی باج و لیخۆشبون هەموو ئەوانە کاریگەری دەبێت لە سەر بری ئەوە پارەی کۆمپانیاکان پاشەکەوتی دەکەن

## دووەم : وەبەرهێنان *Investment*

وەبەرهینان بەشێکی گرینگی ترە لە خواستی هەمووەکی. وە فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە هەر چالاکییەکی ئابووری، زۆر لە گۆرانکاریە ئابووریەکان پشتی پێدەبەستن.
ئەو گۆرانکاریانەی کە لە وەبەرهینان روودەدەن ، زۆربەیان بە شێوەیەکی هەرەمەکی و نارێك روودەدەن . بۆیە دەبێتە هۆی هەڵچوون و داچوون لە ئابووریدا.

**پاشەکەوت = وەبەرهێنان**

داهاتی نەتەوەیی دابەش دەبێت لە نێوان پاشەکەوت و بەکاربردن

$$Y = C + S$$

پاشەکەوت بە جۆرێك لەجۆرەکان دەگەرێتەوە نێو ئابووری بە شێوەی وەبەرهێنان . هەر وەك ئابووری ناسە کلاسیکەکان و کینزیش دەلێن کە:

وەبەرهێنانی بەدەست هاتوو = پاشەکەوتی بەدەست هاتوو

بەلام کینز گوتی : وەبەرهێنانی دارێژراو یەکسان نی یە بە پاشەکەوتی دارێژراو چونکە دوو لایەنی جیاواز دەیکەن .

**جۆرەكانی وەبەرهێنان**

بەچەند شێوەیەك دەتوانین گرینگترین جۆرەكانی وەبەرهینان جیابكریتەوە:

**یەكەم : وەبەرهێنان لە كۆگاكان** :

ئەوە بچوكترین شێوازەكانی وەبەرهێنانە بەڵام لە هەموویان كاریگەرترە چونكە زوو كاریگەریەكانی لە سەر ئابووری نەتەوەیی دەردەكەوێت ، هەموو پرۆژەیەك بەشێك لە بەرهەمەكانی یان كەرستەی خاو لە كۆگاكانی هەڵئەگریت بۆ كاتی پێویست . هەرچەندە ئەو جۆرە لە وەبەرهێنان تێچوی زۆرە چونكە بریك پارەی زۆر بە بێ سوود هەڵئەگیریت بەلام كاتێك خواست دەگۆرێت ئەو كۆگایە سودی دەبێت بۆ پركردنەوەی پێویستی بازار و داواكاریەكانی .


**دووەم : وەبەرهینانی جێگۆركی**:

ئەو جۆرە لە وەبەرهێنان سەر بەخۆیە نە بەستراوەتەوە بە ئاستی داهاتی نەتەوەیی چونكە ئەو برە لە وەبەرهێنان هەر دەبیت بكریت بۆ چاك كردنی ئاستی بەرهەمهینان وەكو چاك كردنی باڵەخانەكان یان هێنانی ئامێری نوی لە جیاتی ئەوەی كە شكاوە یان كۆن بووە , ئەو جۆرە لە وەبەرهێنان بۆ زیادكردنی بری بەرهەمهێنان یان باشكردنی جۆرەكەی نی یە بەڵكو تەنها بۆ ئەوەیە كە بەرهەمهێنان بەردەوام بیت لە سەر هەمان ئاستی پێشو كەم نەبێتەوە یان پرۆسەی بەرهەم هێنان رانەوەستێت هەروەها جۆركەی خراپتر نەبیت .

**سێیەم : وەبەرهێنانی هاندراو** :

ئەو جۆرە لە وەبەرهێنان پیویستی بە پاڵنەریك هەیە تا بێتە ئاراوە چونكە وەبەرهێنانی هاندراو بەستراوەتەوە بە بری داهاتی نەتەوەیی چەند داهاتی نەتەوەیی زیاتربیت ئەوەش برەكەی زیاد دەبیت جگە لە چەند پاڵنەرێكی تر كە كاردەكەنە سەر برەكەی یان مەیلی چەماوەكەی . هەوەك لەو نەخشەیەی خوارەوە دەردەكەوێت :

شێوه




چەند هۆکارێکی گرینگ هەیە بۆ زیادبوونی وەبەرهێنان.

– پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی :هەر پێشوەچونێك لە ئاستی تەکنۆلۆژی کاریگەری دەبێت لە سەر پایەو ئاستی رکابەرایەتی کۆمپانیاکان ، لە بازارەکان ، بۆیە هەر پێشوەچونیك هەبێت پێویست بە وەبەرهێنانی نوی دەکات ، بری وەبەرهێنان زیاد دەکات

- زیاد بوونی ژمارەی دانشتوان : هەر چەند ژمارەی دانشتوان زیاد بکات ئەو بری وەبەرهێنان زیاد دەکات بە تایبەتی وەبەرهێنان لە خانوبەرەو نشتەجێبوون . هەروەها بری خواست زیاد دەکات لەسەر کالا سەرمایەداریەکان .

- دابەزینی نرخی سوود : نرخی سود وەکو بەشێك لە تێچوی وەبەرهێنان هەژمار دەکرێت . هەر چەند نرخی سود دابەزێت ئەوە قازانجی وەبەرهێنەران بەرەو زیادبوون دەروات بۆیە هاندانیکە بۆ زیاتر کردنی بری وەبەرهێنان .

- سیاسەتە ئابووریەکانی حکومەت : زۆر ئاسان نیە بە وردی باسی کاریگەری سیاسەتە ئابویە کان بکەین چونکە هەندی جار سیاسەتە حکومیەکان لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەرانە بۆیە ئاسانکاری زۆر دەکرێت بو زیادبوونی بری وەبەرهێنان . هەندی جاریش سیاسەتەکان بە پێچەوانەوە ریگەگردەبیت لە بەردەم وەبەرهێنەران بۆیە وەبەرهێنان کەمدەبێتەوە .

- بری ئەو کالا سەرمایەداریانەی هەن لە وولات : بوونی کالایەکی زۆری سەرمایە لە ئامیر و بالاخەنەی زۆر وەبەرهێنان دوا دەخات , هەر چەند کالای سەرمایەداری زۆر بیت ئەوە پیویست بە وەبەرهێنانی نویَ ناکات یان دەرفەتی زۆر نیە بۆ وەبەرهێنانی نویَ.

- پێشبینی کردنی وەبەرهێنەرەکان : ئەگەر خاوەن پرۆژەکان ( بزنسمانەکان) رەشبین بن بە داهاتوی ئابووری یان گۆراوە ئابووریەکان ئاماژە بەوە بکەن کە ئابووری بەرەو رەوشێکی خراپ دادەبەزێت ئەوە وەبەرهێنان کەم دەبێتەوە . بە پێچەوانەوە ئەگەر خاوەنکارەکان گەشبین بن بە بارودۆخی ئابووری ئەوە وەبەرهێنان زیاد دەکات .

- بری حەدی سەرمایە : (*Marginal efficiency of capital*) :

ئەو برە داشکانەیە کە وادەکات کۆی هەموو ئەو داهاتانەی کە بری سەرمایە بە دەستی دێنیت بە دریژایی تەمەنی کارکردنیدا کە یەکسان بێت بە تیچووی کرینی ئەو برە سەرمایە:

بە واتایەکی تر: کۆی ئەو داهاتانەی کە بری سەرمایە بەدەستی دێنێت دوای داشکانی بە رادەیەکی یەکسان بە بری حەدی سەرمایە ، کە یەکسان بێت بە نرخی کرینی ئەو سەرمایە .

**تیوەرەکانی وەبەرهێنان:**

لەو تێوەرانە باسی شیکردنەوەی وەبەرهێنان و بەربەستەکانی دەکەین کە سی لەو تیوەرانە باس دەکەین

## یەکەم : تیوری کارایی سنورەکی سەرمایە **Marginal Efficiency of Capital**

هەرچەندە هەندی لە زاناکان پییان وایە ئەوە تیوریکە بۆ خۆی بەلام زۆر زانای تر دەلین تەنها تیورەکە لە تیورەکانی وەبەرهێنان ،ئەو تیورە قەبارەی نمونەیی وەبەرهێنان دیاریدەکات کە خاوەن کارەکان پیی هەلدەستن : بریاری وەبەرهێنان دەوەستێتە سەر ئەو دوو هۆکارە گرینگە :

1- نرخی سود 2 – کارایی سنورەکی سەرمایە

تیوری کلاسیکی جەختی دەکردەوە کە نرخی سود فاکتەری سەرەکیە بۆ دیاریکردنی وەبەرهێنان ، تیوری کینزی نوی هات روونیکردەوە کە وەبەرهێنان تەنها بە نرخی سود دیاری ناکرێت بەڵکو دەسهاتی وەبەرهێنانیش کاریگەری هەیە .

نرخی سود تیچوی وەبەرهێنانە و کارایی سنورەکی سەرمایە دەبێتە دەسهاتی وەبەرهێنان و بەراورد کردنی ئەو دوو فاکتەرە زۆر گرنگە .

کارایی سنورەکی سەرمایە پیناسە دەکرێت بەوەی : تیکرای ئەو داشکانەی کە وا دەکات بەهای ئێستایەکی دەسهاتە پێشبینیکراوەکەی یەکسان بیت بە نرخی سەرمایەکە ( یان تێچوی جێگرتنەوە ی) ، بۆ نمونە گەر کەسێك 100 هەزار دۆلار قەرز بکات بۆ سالێ بە نرخی سودی 5 ٪ . چۆن دەسهاتی کەڵەکە بووی پاش سالیکی دەدۆزینەوە

$$P_1 = P_0 + P_0 r \quad = P_0(1+r) \quad = 100(1+0.05) = \quad 105$$

کەواتە ئەو گۆمژەیەی پاش سالیك دەستمان دەکەوێت یەکسانە بە 105 هەزار دۆلار

بەلام نرخی سەرمایە بنچینەیەکە بەوشێوە دەبێت $$C = \frac{R}{(1+MEC)}$$

$MEC$ : کارایی سنورەکی سەرمایە

ئەوە ئەگەر پرۆژەکە بۆ سالیك کار بکات ، بەلام ئەگەر ئەو پرۆژە بەردەوام بیت بۆ چەند سالێك دەسهاتی هەبێت ئەوە دەسهاتەکەی بەو شێوە هەژمار دەکرێت :

$$C = \frac{R_1}{1+MEC} + \frac{R}{(1+MEC)^2} + \ldots\ldots\ldots\ldots\ldots \frac{R_n}{(1+MEC)^n}$$

نمونە :


ئەگەر ئامێریکمان کری بە بری 10000 دولار وە زانیمان قازانجی ساڵانەی 15000 دۆلارە و نرخی سود 0.03 ئایە باشە ئەو ئامیرە بکرین یان نا ؟

$$10{,}000 = \frac{15{,}000}{1+MEC} \Rightarrow 10{,}000(1+MEC) = 15{,}000 \Rightarrow 10{,}000 + 10{,}000\,MEC = 15{,}000$$

$$10{,}000MEC = 5{,}000 \Rightarrow MEC = \frac{5{,}000}{10{,}000} = 0.5$$

بە بەراورد کردنی ئەو ئەنجامە بە نرخی سود بۆمان دەر دەکەوێت $0.5 > 0.03$

کەواتە باشە بیکرین





کەواتە پەیوەندی نیوان کارایی سنورەکی سەرمایە چیە بە بری سەرمایە ؟

پەیوەندی نیوانیان پەیوەندیەکی پێچەوانەیە وەکو لەو نەخشەیە بەرامبەری دەردەکەوێت هەر چەند بری سەرمایە زۆر بیت ئەوە کارایی سنورەکی سەرمایە کەم دەبێتەوە بە پیچەوانەشەوە راستە .


کەواتە هەرچەند خەرجی وەبەرهێنان زیاد بیت خواست لە سەر کاڵا سەرمایەداریەکان زیاد دەبێت و نرخەکەشی بەرز دەبێتەوە هەر بۆیە

دەسهاتی سەرمایە  کەم دەبیتەوە  ،ئەگەر خەرجی وەبەرهێنان زیادی کرد لە ئەنجام دا بری کاڵایە سەرمایەداریەکان لە 50 یەکە زیادی کرد بۆ 100 یەکە ، و نرخی کاڵایە سەرمایەداریەکان لە 5  بەرز بۆوە بۆ 10  کەواتە  وەبەرهینانی پوخت کە برەکەی 50  یە ئەو هۆکارە لە بەرزبونەوەی نرخی کاڵا سەرمایەداریەکان هەر وەکو لەو نەخشەی بەرامبەری دەر دەکەویت کە تیایدا چەماوەی خستنەرووی کاڵا سەرمایەداریەکان دەر دەکەوێت.




بۆ ئەوەی بزانین پەیوەندی نیوان نرخی سود و وەبەرهێنان چۆنە پیویستە بگەرێنەوە بۆ کارایی سنورەکی سەرمایە ، وەکو ئەوەی لەو نەخشەی خوارەوە دەردەکەویت لە خاڵی ( A)  بری سەرمایە یەکسانە بە ( 1000) و کارایی سنورەکی سەرمایەو و نرخی سود هەردوکیانە یەکسانە بە 6 ٪ بەڵام وەبەرهێنانی ساڤی یەکسانە بە سفر.


ئەگەر گریمان بری سەرمایە زیادی کرد بوە 1050 ئەوە نرخی سود دادەبەزێت بۆ 5٪ وە وەبەرهێنانی ساڤی دەبیتە 50 . ئەگەر بری سەرمایە زیادی کرد بۆ 1100 ئەوە نرخی سود دادەبەزیت بۆ 4٪ و وەبەرهینانی سافیش یەکسانە بە 100، بەو شێوە چەماوەیەکی ترمان بۆ دروست دەبیت جیاوزە لە چەماوەی کارایی سنورەکی سەرمایە بە ناوی چەماوەی وەبەرهێنان . چەماوەی کارایی سنورەکی سەرمایە پەیوەندی نێوان برەکانی  سەرمایە وتیکرای دەسهات مان بۆ دەپێوێت .




پەیوەندیەکەش پێچەوانەیە ، لە کاتێك چەماوەی کارایی سنورەکی وەبەرهێنان پەیوەندی نێوان نرخی سود و وەبەرهێنانی سافیمان بۆ دەپێوێت ( کە دەکات قەبارەی ئەو وەبەرهێنانانەی کراوە لەو ماوەیەدا. ئەو چەماوەی راهاتوین وینەکەی بکەین چەماوەی وەبەرهێنانە کە بۆمان روون دەکاتەوە قەبارەی دروستی وەبەرهێنانی ساڵانە کە دروست بوە لە ئابووری ولات ، وە پەیوەندیەکی پیچەوانەی هەیە لەگەڵ نرخی سود.

لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگە رادەی نەرمی نواندنە، وەکو دەزانین نەرمی نواندن پێچەوانەی لاربونەوەیە بەو مانایەی هەر چەند چەماوەکە رادەی لاربونەوەی زۆرتر بێت ئەوە نەرمی نواندنی کەمترە بە پێچەوانەشەوە راستە. بۆ نمونە ئەگەر هاتو چەماوەی $I^\backslash$ رادەی لاربونەوەی کەمتر بێت لە چەماوەی I

و نرخی سود لە ئاستی $i_1$ ە کەواتە قەبارەی وەبەرهێنان لە ئاستی A لە سەر چەماوەی I و لە ئاستی A\ بۆ چەماوەی $I^\backslash$ . ئەگەر نرخی سود دابەزی بۆ ئاستی $i_2$ ئەوە قەبارەی وەبەرهینان زیاد دەبی بۆ ئاستی B بۆ چەماوەی I بەلام بۆ چەماوەی $I^\backslash$ زیاد دەبیت بۆ ئاستی $B^\backslash$ .




لیرە بۆمان دەردەکەوێت کە چەماوەکە چەند لاربونەوەی کەمتر بێت گۆڕانکاری زیاتری دەبێت لە ئەنجامی گۆڕانی نرخی سود بە پێچەوانەی ئەو چەماوەی کە رادەی لاربونەوەی زیاترە چونکە نەرمی نواندنی زۆرترە

## دووەم : تیۆری خێرایەری سادە <u>**Simple Accelerator Theory**</u>

ئەو تیۆرە بەو ئاراستە دەروات کە وەبەرهێنان خۆی دەگونجێنێت لە گەڵ قەبارەی گۆڕانکاریەکانی کە روودەدات لە داهات و بەرهەم . گریمانەی یەکەم فرەوانبونی بەرهەم دەبێتە هۆی زیادبونی سەرمایە بە رێژەیەکی نەگۆر :

$$K_t = \beta \ Y_t$$

ئەگەر هاتوو : $K_{t-1} = \beta \ Y_{t-1}$

بە لە یەك دەرکردنی ئەو دوو هاوکێشە ئەوەمان دەست دەکەوێت

$$K_t - K_{t-1} = \beta \ (Y_t - Y_{t-1}) \qquad \Rightarrow \qquad I_t = \beta(Y_t - Y_{t-1})$$

کە : گریمانەی دووەم

$I$ ئەوە وەبەرهێنانی پوختە( سافی) ، ئەو تیورە دەوەستێتە سەر وەبەرهێنانی سافی نەك سەرجەم وەبەرهێنان

$\beta$ : خێرایەری سادە.

ئەو تیورە گریمانەی ئەوە دەکات کە :

- سەرمایە بە شێوەیەکی تەواو بە کارهاتوە کەواتە هیچ زیادەك نیە لە بری سەرمایە
- رەسیدی سەمایەی ئارەزوکراو یەکسانە بە رەسیدی سەمایەی دروست لە سەرتای ماوەی یەکەم.

نمونە :

لەو نمونەیە بەهەم زیاد دەبیت سالانە لە 500 تا 900 ئەوەش بری گۆرانکاریمان نیشان دەدات لەو ماوەیە کە روی داوە لە داهات و بەرهەم ,لە هەر ماوەیەك بۆ ماوەی دوای خۆی ,

| t | $Y_t$ | $\Delta Y_t$ | *B* | $K_t$ | $I_t$ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 500 | - | 1.5 | 750 | - |
| 2 | 550 | 50 | 1.5 | 825 | 75 |
| 3 | 625 | 75 | 1.5 | 937.5 | 112.5 |
| 4 | 725 | 100 | 1.5 | 1087.5 | 150 |
| 5 | 800 | 75 | 1.5 | 1200 | 112.5 |
| 6 | 850 | 50 | 1.5 | 1275 | 75 |
| 7 | 875 | 25 | 1.5 | 1312.5 | 37.5 |
| 8 | 900 | 25 | 1.5 | 1350 | 37.5 |
| 9 | 900 | 0 | 1.5 | 1350 | 0 |

ئەوەی لامان گرینگە لیرە سافی وەبەرهینانە کە زیاد دەبیت لە ماوەی یەکەم تا ماوەی 5 کە دەست پیدەکان بە کەم بونەوە چونکە بەرهەم بەرهەم زیاد دەکات بە بریکی کەمتر . وەبەرهینانی سافی یان پوخت لە ئەنجامی گۆرانکاری لە رەسیدی سەمایە دروست دەبیت :

$$I_t = K_t - K_{t-1}$$

وەهەروەها لە جیاوازی نیوان سەرحەم وەبەرهینان و وەبەرهینانی جیگرەوە یان : $I_t = K_t - K_{t-1} = I_t g - D_t$

ئەو تیورە لە سەر چەند گریمانەیەك بنیات نراوە کە روبەروی چەند رەخنەیەك بۆوە :

- گریمانەی نەگۆری رێژەی سەرمایەی بۆ بەرهەم واقعی نەبوە چونکە نەگۆر نابیت دەوەستێتە سەر چەند فاکتەرێك وەکو نرخی سود و تێچوی بەدەستهێنانی سەرمایە کە ئەو رێژەیە دەگۆریت لەگەل گۆرانی ئەو فاکتەرانە.
- گریمانەی رەسیدی سەرمایەی ئارەزوکراو یەکسانە بە رەسیدی سەرمایەی دروست لە یەك کاتدا . ئەوەش راست نیە چونکە پیویستە کاتیك تێپەرێت تا ئەو یەکسانیە بەدەست بیت کەواتە سافی وەبەرهینان ناوەستیتە سەر بەرهەمی ئیستا بەلکو سەر بەرهەمی سالانی رابوردوو
- گریمانەی بەکارهینانی تەواو بۆ سەرمایە راست نیە چونکە زیادەی سەرمایە هەیە وەکو خەزنکراو باتایبەتی لەکاتی پوکانەوەی ئابوری.

سییەم : تیوری رەسیدەکانی ناوەخۆیی **Internal Fund Theory**

لەو تێورە ساڤ وەبەرهێنان دەوەستێتە سەر قازانج ، ئەو تیورە دەروانێتە نرخە ریژەیەکانی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان کە کاردەکاتە سەر تێچوی بەرهەمهێنان دواتر کاردەکاتە سەر قازانج . ئەو تیورە دوو ریگای داناوە بۆ بەدە ست هێنانی سەرمایە پێویست: رەسیدی ناوەخۆیی و رەسیدی دەرەکی . پرۆژەکان ئەو سەرمایەیە بۆ وەبەرهێنان لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەکو :

1- قازانجی دابەش نەکراو
2- تیچوی سوانی سەرمایە
3- قەرزی جۆراوجۆر هەتا فرۆشتنی سەنەدات
4- فرۆشتنی پشکەکان

قازانجی دابەش نەکراو و تیچوی سوانی سەرمایە وەکو رەسیدی ناوەخۆیی بۆ بەرپارەدارکردنی وەبەرهێنان دەناسریت بەلام سەرچاوەکانی تر وەکو رەسیدی دەرەکی دادەنریت زۆر لە تویژنەوەکان پییان وایە رەسیدی ناوەخۆیی زۆر باشترە لە رەسیدی دەرەکی .

هەموو کۆمپانیاکان پیان باشترە لە سەرچاوە ناوەخۆیەکان سەرمایە دابین بکەن بۆ وەبەرهێنانەکانیان لە سەرچاوەی دەرەکی چونکە ئەو قازانجە ناوەخۆیانە وادەکەن پەنا بۆ قەرز نەبەن و هەروەها زیاد کردنی پشك و فرۆشتنی قازانج کەمدەکاتەوە چونکە قازانجەکان دابەشی پشکی زیاتر دەبن .